# ڕۆژهەڵاتی کوردستان (1979-1984)
# لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا

بەرگی دووەم


ئامادەکردن و ساغکردنەوەی
لە ئەرشیفی نەتەوەیی بەریتانی:
شەریف هەژاری

وەرگێڕانی:
پاسار شێرکۆ




# رۆژهەڵاتی کوردستان '١٩٧٩-١٩٨٤' لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی

# وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا

# بەرگی دووەم

**ئامادەکردن و ساغکردنەوەی لە ئەرشیفی نەتەوەیی بەریتانی: شەریف هەژاری**

**وەرگێڕان بۆ کوردی: پاسار شێرکۆ**

**رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا دا - بەرگی دووەم**


**ناوی کتێب: رۆژهەڵاتی کوردستان '١٩٧٩-١٩٨٤' لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا — بەرگی دووەم**

**ئامادەکردن و ساغکردنەوەی لە ئەرشیفی نەتەوەیی بەریتانی: شەریف هەژاری**

**وەرگێڕان: پاسار شێرکۆ**

**پیاچوونەوە: شەریف هەژاری**

**تایپ: سیروان خەلیل**

**بەرگ: هێڤی حاجی لەتیف ئاغای یونس ئاغای هەمەوەند**

**نرخ: ٤٠٠٠ دینار**

**چاپخانە: پیرەمێرد، بەرواری چاپ: ٢١-٣-٢٠١٧**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٦٤٢) ی ساڵی (٢٠١٤) ی پێ دراوە.**


**هەموو مافێکی لە چاپدانەوە و وەرگێڕان و بلاوکردنەوەی بۆ: شەریف هەژاری پارێزراوە**

# پێرست

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی ................................ | ٥ |
| بەڵگەنامەکانی کانونی یەکەمی ١٩٧٩.................... | 13 |
| بەڵگەنامەکانی شوباتی ١٩٨٠.......................... | 18 |
| بەڵگەنامەکانی ئازاری ١٩٨٠........................... | 36 |
| بەڵگەنامەکانی نیسانی ١٩٨٠........................... | 38 |
| بەڵگەنامەکانی ئایاری ١٩٨٠........................... | 46 |
| بەڵگەنامەکانی حوزەیرانی ١٩٨٠......................... | 51 |
| بەڵگەنامەکانی تەمووزی ١٩٨٠........................... | 56 |
| چاوپێکەوتن لەگەڵ د.قاسمو .................................. | 67 |
| چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ عیزەدین.............................. | 74 |
| بەڵگەنامەکانی حوزەیرانی ١٩٨٣......................... | 81 |
| پاشکۆی بەڵگەنامەکان ........................................ | ٩٢ |

# پێشەکی

پاش شۆرشی گەلانی ئێران، کە کورد ڕۆڵی بنەڕەتی تێدا بینیی و، شۆڕشگێرانی خۆرهەڵاتی کوردستان چ لە تیۆریزەکردن و چ لە ڕزگارکردنی خاکی خۆرهەڵاتی کوردستان دا بوونیەتی کاریگەری خۆیان تێدا سەلماند. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی ڕوناکبیرترین ڕێبەری کورد 'د.قاسملو'، وەک کاریگەرترین حیزب لەو بەشەی کوردستان، سەرپەرشتی ئەو ڕزگارکردنەی جێ بەجێ کرد.

بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەم پەرتووکە و بەڵگەنامەکانی کتێبی "ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٧٩-١٩٨٠ لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا"[١] و، هەروەها بە پێی سەرچاوە مێژوویە سەرەکیەکانیش: قاسملوو بیرمەندێکی سیاسیی-ستراتیژیی و ڕێبەرێکی واقیعی کورد بووە و، لە ئاست ڕووداوەکان دا بەرپرسیارێتی خۆی 'کوردانە و لۆژیکییانە' تیۆریزە و جێ بەجێ کردووە.

لەم بەڵگەنامە نهێنییانەدا، دبلۆماتکارانی ئینگلیز هێندە مشتومڕی سیاسیی قاسملوو بۆیان سەرنج ڕاکێش ئەبێت، لە بەڵگەنامەکانیان دا کە بۆ بەشی لێکۆڵینەوەی نهێنیی دەولەتی بەریتانیا نێردراوە، دبلۆماتکارەکان بە ڕونی ئەوە دەخەنەڕوو: (قاسملوو نایابە لە مشتومڕی سیاسیی لە بەرانبەر سەرکردە فارسەکان بەتایبەت بەنی سەدر دا. پاشانیش دبلۆماتکارەکان ئاماژە بەوەش دەکەن کە: قاسملوو سەربەخۆیانە مامەڵە ئەکات لە گۆڕەپانی سیاسیی و کایەی سیاسیی دا).

هەر لەو سەردەمە دا، چەند پارتێکی بچوکتریش لە خۆرهەڵاتی کوردستان دا هەبوون، کە بە پێی بەڵگەنامە نهێنییەکانەی ئەم پەرتووکە و بە پێی سەرچاوە مێژووییەکانی دیکەش، قەبارەی جەماوەرییان زۆر بچوکتر بووە.

---

[١] شەریف هەژاری: ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٧٩-١٩٨٠ لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، وەرگێڕانی: ڕەزا فەتحووڵا نەژاد، چاپی یەکەم، ٢٠١٦، چاپخانەی بینایی، ل٧-٢٣٣.

لەوانەش: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و، ڕێکخراوی چریکە فیدایییەکان-لقی کوردستان و، حیزبی ڕزگاری 'کۆمەلەی رزگاری' شێخ عوسمانی نەقشبەندی و، هەردوو کەسایەتی ئایینیی شێخ عیزەدینی حوسێنیی نزیک لە کۆمەڵە و، ئەحمەدی موفتیزادە، هەبوون.

لەم بەڵگەنامانەدا، سەنگی حیزبی دیموکراتی بە ٩٠% ی جەماوەری خۆرهەڵاتی کوردستان داناوە و، قەبارەی جەماوەری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانیشی بە ٥% ی خۆرهەڵاتی کوردستان پێواوە.

هەرچەندە لەو دەورانەدا، خاکی خۆرهەڵاتی کوردستان ڕزگارکرا، بەڵام چەند هۆکارێک بوونە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە سوپای ڕەگەزپەرست و شیعەسەپێنی فارس خاکەکەیان لێ داگیربکاتەوە و، شۆڕشگێرانی خۆرهەڵاتی کوردستانیش تا ساڵی ١٩٩٢ بەرخۆدانی باهۆزاوییان دژ بە دەوڵەتی فارسیست-مەزهەبیی ئێران بە بەردەوامی کاریگەریی هەبوو.

ئەو هۆکارانەی کە بوونەهۆی ئەوەی خاکی خۆرهەڵاتی کوردستان لە پاش ساڵی ١٩٨٢ لە لایەن دەوڵەتی فارسپست-مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی ئێران داگیربکرێتەوە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا تەتەڵەیان دەکەم:

١-دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە خومەینی ڕابەرایەتیی دەکرد و وەلی فیقهی بوو، هیچ باوەڕێکی بە مافی "نەتەوەیی" کورد نەبو و، هاوشێوەی ڕژێمەکانی 'ڕەزا شا و کەمال ئەتاتورک' بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داخوازییەکانی مافەکانی کوردی دایەوە کە لە لایەن وەفدی پارتە کوردییەکانی خۆرهەڵاتەوە چەندین جار پێشنیاری ئاشتیان بۆ دەکردن. بۆیە دەتوانم بڵێم 'خومەینیی و دەوڵەتەکەی' بریتیی بوو لە: دەمەزەردکردنەوەی ئایدۆلۆژیای شا ئیسماعیلی سەفەویی و بەردەوام بوون لەسەر کردەوەی سەفەوییەکان لە قاتوقڕکردنی نەتەوەی مافخوراوی کورد دا.

٢-هەندێک لە هێزە کوردییەکان بوونە چاوساغی هاتنی سوپای پاسداران بۆ گرتنەوەی خۆرهەڵاتی کوردستان، بۆ نموونە: ئەحمەدی موفتیزادە و شوێنکەوتووانی کە بە 'پێشمەرگە مسوڵمانەکان' ناودەبران و، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش ڕۆڵی نەرێنیان دی لە دۆستایەتیکردنی سوپای پاسداران و، ئەم بەڵگەنامانەش بەئاشکرا باس لە هەڵوێستیان دەکات، بۆ مێژووش ناتوانرێ هەڵوێستەکانی ئەو حیزب و گروپانە نەخرێنەڕوو.

٣-بەشێکی دیکە لە هێزە کوردییەکان، ئایدۆلۆژیای چەپگەراییان خستە پێش داواکارییە حەقخوازییەکانی نەتەوەی مافخوراوی کورد لە خۆرهەڵات دا. بۆ نموونە: هەڵوێستی بەشێکی جیابوەوە لە حیزبی دیموکرات کە غەنی بلوریان سەرکردایەتی دەکرد و بە "حیزبی دیموکرات-پەیرەوانی کۆنگرەی چوارەم" خۆیان ناساند، تەواو نانەتەوەییانە بوو. ئەم گروپە بوونە شوێنکەوتەی حیزبی تودە و، لەو قۆناعەدا بەرگریکردنیان لە ڕژێمی ئێران وەک دژایەتیکاری ئیمپریالیزم ڕاگەیاند!! کە دواتر سەلما هەڵەیەکی مێژوویی-نەتەوەییان ئەنجام دا.

هەروەها، بە پێی سەرچاوە سەرەکیە مێژوویەکان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان، تووشی هەڵەیەکی ستراتیژیی بوونەوە.

ئەم حیزبەش کە ماوەیەکی کاتی شێخ عیزەدینی حوسەینیشیان بە سەرکردەی خۆیان دەزانی! بە ئایدۆلۆژیانە سیاسەتیان دەکرد و، هاوپەیوەندیان لەگەڵ چەپە فارسەکان خستە پێش بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردەوە و، نا بەرپرسیارانە لەگەڵ دۆخە ڕزگارکراوەکەی خۆرهەڵاتی کوردستان دا مامەڵەیان کرد.[٢]

[٢] بۆ زیاتر بڕوانە: شەریف هەژاری: موجاهیدینی خەلق و هەڵوێستی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ١٩٦٤-١٩٩٤، توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسیی- ئایدۆلۆژیی- ئەکادیمیی- دۆکیۆمێنتارییە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، چاپخانەی سیما (سلێمانی)، ل١٢١-١٢٣. هەروەها، فاتیح ڕەسوڵ: بنچینەی مێژووی چەپ لە کوردستان دا، چاپی یەکەم، ٢٠٠١، ستۆکهۆڵم، ل٢٣٦-٢٣٨.

هەروەک فاتیح ڕەسوڵ ئاماژەی پێداوە: "کۆمەڵە زۆر زوو هێرشی ناڕەواییان دەکردە سەر دیموکرات و بە چینی بۆرجوا ناویان دەبردن. لە کاتێکا دیموکرات پارتێکی نەتەوەیی بو و ئاڵای خەباتی بە بیروڕای چەپ و پێشکەوتنخوازانەوە بەرزکردبوەوە و ناوبانگی لە جیهاندا دەنگی دابوویەوە. کەچی کۆمەڵە بوونە پاشکۆی مەنسور حیکمەت 'ژوین ڕازانی' و مەنسور حیکمەتی فارسیش هانی دەدان کە دەبێت شەڕی حیزبی دیموکرات بکەن چونکە حیزبێکی بۆرجواییە و تا چەک دانانی دیموکرات ڕوونەدات ئەوا دەبێت شەڕ هەر بەردەوام بێت".[٣]

بەم پێیە کۆمەڵە کەوتنە ئەو هەڵە مێژووییە ترسناکەوە و شەڕیان لە خۆرهەڵاتی کوردستان بەرپاکرد. ئەمەش بە فرتوفێڵی "مەنسور حیکمەت"ی ڕێبەری ئایدۆلۆژیان ئاراستە دەکران، کە ناوبراو وەک فارسیستێکی مارکسیست خۆی بە شوێنگرەوەی لینین دادەنا!!

تەنانەت لە بڵاوکراوەی "پێشڕەوی"ی ئەو سەردەمەی کۆمەڵەش دا باسیان لەوە دەکرد: شەڕ لە دژی حیزبی دیموکرات - شەڕە لە دژی چینی بۆرژوازیی و پێویستە لە کوردستانەوە دەست پێ بکرێت!

ئەگەر بە دیقەتەوە، توێژەری مێژوویی-سیاسیی لە بابەتەکانی ئەو سەردەمەی سەرکردەکانیان وردبێتەوە کە لە بڵاوکراوەی 'پێشڕەو' دا بلاویان کردۆتەوە، بە ئاسانی لاوازی ئاستی تێفکرینیان دەسەلمێنرێ، بەتایبەت کە خۆیان بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی چینی بۆرژوا داناوە و، بۆرژوازیش لە هزری ئەوکاتی سەرکردەکانی کۆمەڵەدا بەم شێوەیە ناسێنراوە: "بۆرژوازی هەمیشە هەڵاواردن لەسەر بنەمای (جنس و قەوم و مەزهەب) دەنێتەوە، بۆرژوازی هەمیشە بەم چەشنە هەڵاواردانە لە نێوان ڕیزەکانی چینی کرێکاردا جیاوازیی و دووبەرەکایەتیی ساز کردووە و دەیکا، لە نێوان (کرێکاری ژن، کرێکاری پیاو، کرێکاری تورک، کرێکاری مسوڵمان، کرێکاری کافر، کرێکاری شیعە و، کرێکاری سوننی)".[٤]

---

[٣] ڕەسوڵ: بنچینەی مێژووی چەپ، ل٢٣٦-٢٣٨.
[٤] بڵاوکراوەی پێشڕەو، ژمارە ٤، بەفرانباری ١٣٦٢، ل٣و٤.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ناکۆکیی و پێکدادانەکانی نێوان کۆمەڵە و حیزبی ڕزگاریی و، کۆمەڵە و گروپی پێشمەرگە مسوڵمانەکانی ئەحمەدی موفتیزادە لە شاری سنە دا، زەمینەیەکی تەواوی بۆ دەولەتی فارس ڕەخساند کە بە ئاسانی بیقۆزێتەوە.

بۆ نموونە، هەروەک جەمال نەبەز دەڵێت: "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ ی ئێران وەک قارچک هەڵتۆقین، ڕۆڵێکی خراپیان گێرا و لەگەڵ پارتی دا بەریەک کەوتن، بۆیە سەرەتای دووبەرەکیان لە نێوان کوردی ئێران و کوردی عێراق دا نایەوە. هەروەها لە ناوخۆی کوردستانی ئێرانیش دا کەوتنە بەربەرەکانێی ئەوانەی بە 'دەرەبەگ' لە قەڵەمیان دەدان و، دواتر لەگەڵ تاقمی 'سەهەندییەکان' و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا یەکیان گرت".[٥]

بەم پێیە و بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەم پەرتووکەش: کۆمەڵە هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕی شاری سنە بوون و دواتریش تێیدا شکاون، کە ئەتوانین بڵێین ئەم ڕەفتارانەی کۆمەڵە لەو قۆناغە پڕ-هەستیارییە مێژووییەدا، دەرئەنجامی بێ-ئەزموونیی سیاسیی و خستنە پێشی بەرژەوەندی ئایدۆلۆژییان بوو لە بەرانبەر بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی نەتەوەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان دا.

سەرەڕای ئەوەی حیزبە سیاسییەکانی باشوری کوردستانیش (بەتایبەت پارتی) کە لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان دابوون، نابەرپرسیارانە ڕەفتاریان دەکرد و لەوێش دانوویان بەیەکەوە نەدەکوڵا و، شەڕەکانی خۆیان خزاندە ناوچە ڕزگارکراوەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانەوە.

٤-نەبوونی پشتیوانیی نێودەڵەتیش، یەکێکی دیکە لە بنەڕەتیترین هۆکارەکانی داگیرکردنەوەی خاکی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو. چونکە هێزە نێو دەولەتییەکان بە هەردوو بلۆکی ئەمریکا و سۆڤیەتەوە بێ دەنگیان هەڵبژارد لە ئاست کشتوبر و ئاوارەبوونی هەزاران ژن و منالی

---

[٥] جەمال نەبەز: ئێستە و پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراق و ئێران، لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، بەبێ ئاماژە بۆ شوێنی چاپ و ساڵی چاپ، ل١١٠ و ٢١٤.

خۆرهەڵاتی کوردستان، کە بەهۆی ناپاڵم و فڕۆکەکانی ئێرانەوە شار و گوندەکانیان وێران دەکران و، دەوڵەتێکی زلهێزی ئەم جیهانەش نەبوو کە هەڵوێستێکی کاریگەر و پێشنیارێکی مرۆڤانە بداتە نەتەوەیەکگرتووەکان و بەکردەوەش کاری لەسەر بکرێ و، هەر هیچ نەبێت ڕەشەکوژکردنی کورد لە خاکی خۆرهەڵاتی کوردستاندا ڕابگیردێت.

٥-هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران، هۆکارێکی تری داگیرکردنەوەی خاکی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو بەدەست ئێرانەوە. چونکە ئێران ئەو جەنگەی وەک دەرفەتێک زانی کە هەرچی چەکوچۆڵی جەنگیی خۆی هەیە بیخاتەگەڕ بۆ داگیرکردنەوەی خۆرهەڵاتی کوردستان و، بەکردەوەش دەستی لە هیچ کوشتوبرێکی کوردانی مەدەنی ئەو بەشە نەپاراست.

٦-نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی دیموکراتخوازان لە ناو هێزە ئێرانییەکاندا کە ڕاستگۆیانە و لێبڕاوانە بەرەنگاری دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ببنەوە. بگرە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران هەروەک چۆن دژایەتی دەوڵەتی ئێرانیان دەکرد، بەتەواویش کەوتبوونە گیانی یەکتر و هیچیان دانی بەوی تریاندا نەدەنا. ئەمە جگە لەوەی وەک باسیش کرا: لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش یەکگرتوویی و یەکڕیزی لە ناو پارتە سیاسییەکان و کەسایەتییەکاندا بوونی نەبوو.

لەبەر ئەم هۆکارانەی کە خرایەڕوو، خاکی خۆرهەڵاتی کوردستان داگیرکرایەوە و، ئەم بەڵگەنامانەی ئەرشیفی بەریتانیاش لەم پەرتووکەدا، خستنەڕووی هەندێک لە ڕووداوەکان و هەڵوێستی پارتە سیاسییەکانی خۆرهەلاتی کوردستانە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٤.

ڕوونە، زۆربەی بەڵگەنامەکانیش تایبەتن بە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٠ و، چەند بەڵگەنامەیەکی کەمیش لە ساڵەکانی ١٩٧٩ و ١٩٨٣ دا نووسراون.

ئەم پەرتووکە کە برای ئازیزم "کاک پاسار" کاری وەرگێڕانەکەی دەقاودەق و بێ-دەستکاری گرتەئەستۆ و، خۆشم بە وردی پیایاندا

چوومەتەوە، کەرەستەیەکی بەنرخی دانسقەیە بۆ نووسینەوەی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی نەتەوەی کورد و توێژینەوە زانستییەکانی زانستگاکان.

ماوەتەوە بڵێم: زۆر سوپاسی بەڕێز کاک (سیروان خەلیل) دەکەم کە کاری تایپکردنی ئەم بەرهەمەشمانی ئەنجام دا و، پێزانینی زۆریشم بۆ خاتوو (هێڤی لەتیف ئاغای یونس ئاغای هەمەوەند) هەیە کە دیزاینی بەرگی ئەم بەرهەمەشی خۆبەخشانە بۆ کردم.

لەڕاستیدا، چەند ساڵێکە ئەم بەرهەمەشم تەواو بووە، بەڵام هیچ (دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە) بۆی چاپ نەکردم. چونکە زۆرێکیان حیزبی بوون و بە مەرجی (سڕینەوەی) هەندێك دێڕی ناو بەڵگەنامە نهێنییەکان ئامادەی چاپ کردنی بوون. بەتایبەت کاتێك لە بەڵگەنامەیەك دا بە تەنها بە یەك دێڕ ڕۆڵی نەرێنی حیزبێکی یەکێك لەو (دەزگایانەی چاپ و بڵاوکردنەوە)ی تێدا بێت، ئەوا دەزگاکانی چاپکردن ئامادەنەبوون بۆم چاپ بکەن، هەتاکو ئەو دێڕە دەسڕمەوە.

بۆیە منیش ئەم پەرتوکەشم لەسەر ئەرکی خۆم چاپ دەکەم لە پێناو پاراستنی ڕەوشتی زانستیم و ئاسودەکردنی ویژدانم لە ئاست خوا و نەتەوەکەم دا ، کە بە چارەکە موچە و بە نەبونی لەم دۆخە سەختەی دارایی دا چاپی ئەکەم بەبێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێك هاوکاری مادیم بکات. هێندەشی بتوانم لە قوتی خۆمی دەگرمەوە و هەریەك لەم پەرتووکانەی خوارەوەش کە تەواوم کردووە، لە چاپیان دەدەم:

١- جوولانەوەی نەتەوەیی باشوری کوردستان ١٩٦١-١٩٧٧ لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دا. (ئەم پەرتووکە بە قەبارەی چوارسەد لاپەڕە ئێستا لە ژێر چاپ دایە و، پڕ-زانیاریترین کتێبی بەڵگەنامەی-نهێنیی دانسقەیە لەبارەی شۆڕشی ئەیلول و پەیوەندیە هەرێمیی و جیهانیەکانی و،

پاشانیش ڕێکەوتننامەی جەزائیر و، دواتریش دروستبوونی یەکێتی).

٢- ڕامانێك لە تراژیدیای براکان، بەرگی دووەم.

٣- حیزبەکانی باشوری کوردستان ١٩٨٠-١٩٨٢ لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا. (ئەم چەند بەڵگەنامەیە زیاتر باس لە کاروکردەوەی حیزبەکان دەکات بەرانبەر کەسانی بیانی، بەتایبەت لە ڕفاندنی کەسانی بیانی لەلایەن حیسکەوە).

٤- وەڵامێکی زانستی بەرانبەر بەلاڕێدابردنی حەقیقەتە مێژوویەکان لە ناو کتێبۆچکەی: (ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق "عەبدوڵای ئیسحاقی" ی د.یاسین سەردەشتی).

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتم بۆ هەر نیشتیمانپەروەرێکی کورد.

شەریف هەژاری

سلێمانی

١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩

بەڕێز ئای جەی راوڵنسن

بەشی ئەوروپای باشوور

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنویڵز

کورد لە تورکیا

١. سوپاس بۆ نامەکەی ٧ی کانونی یەکەمت. ئێمە کۆکین لەسەر ئەوەی وتارەکەی دەیڤد هیرست کەمێك لەو وتارە رۆژنامەوانیەیە ئاساییانە باشترە کە لەسەر ئەم بابەتە نوسراون. بەلاّم بەکارهێنانی وشە سۆزدارییەکان لەلایەن نوسەرەوە (بۆ نمونە: کۆماندۆ تورکەکان "بەشێوەیەکی تایبەت راهێنراون و پەروەردە کراون تاوەکوو لە ناوچەکانی خۆرهەلاّتی تورکیادا شەڕ بکەن") و لێدوانە فراوانەکانی (بۆ نمونە: زۆربەی سیاسەتمەدارانی تورکیا بارگاوین بە ... شۆڤێنیزمی دژە کوردی), کە ئەمە زۆرجار دیمەنی هوشیارکەرەوەیەکی نابەجێمان نیشان دەدەن. وا دەردەکەوێت کە هیرست بابەتەکەی ئەوەندە گەرم کردووە کە ناتوانێ لەبەرامبەر کەڵکەڵەکانی رازاندنەوەی راستییەکاندا خۆی رابگرێت! لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێچەوانەی تێڕوانینە گشتییەکەی، چەند بابەتێکی راستیش هەن کە بەهەند وەریان دەگرین:

أ) بەداخەوە کە هیرست هەقایەتە کۆنەکەی گێڕاوەتەوە و دەڵێت: کوردەکان لێرە تەنیا وەکوو (تورکی شاخەکان) ناسراون. هەرچەند ئەم بابەتە بۆ چەند ساڵێك لەمەوبەر راست بوو، بەلاّم هەر کاتێك ئەم دەستەواژەیەم باسکردووە یان ئەوەتا بە چاوی تێنەگەیشتنەوە تەماشا کراوم یاخود لێیان پرسیوم بۆچی منیش وەکوو هەموان ناڵێم (کوردەکان).

ب) رۆژنامە تورکییەکان بە چڕوپڕی و راشکاوییەوە باس لە رووداوەکانی کوردستانی ئێران دەکەن.

ج) گومانمان هەیە کە لەساڵی رابردوودا هیچ (ئازادکردنێك) لە ناوچەی دیاربەکر روویدابێت. لەلایەك، لە مانگی نیسانەوە لەو ناوچەیە یاسای سەربازی پیادە کراوە و، لەلایەکی دیکەیشەوە بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە کە بیسەلمێنێت گوندنشینەکان پشتیوانیی ئەو ملیشیا کوردە جودایخوازانە بکەن کە – بە گروپی بچوك بچوك – لە شارەکاندا دەبینرێن.

٢. پێمان وایە کە هەموو چالاکە کوردەکان لە تورکیا بە ئاشکرا جودابیخواز بن. ئەگەر پدکت لەپێناو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا دروست بووبێت، ئەمە پێشهاتێکی نوێیە. رێی تێدەچێت کە دەیڤد هیرست مەبەستی خودی پدکت نەبێت, بەڵکوو مەبەستی گروپێکی جیابووەوە بووە لەو حزبە کە بریتییە لە KUK، کە خۆی بە پدك ی (فەرمی) لەقەڵەم دەدات. (ئەمانە بەدڵنیاییەوە پەیوەندییان لەگەڵ جۆن بلۆکدا هەیە – بڕوانە نامەکەم لە رۆژی ٢٤ی تشرینی یەکەم). لەکاتێکدا کە زوربەی گروپە مارکسی–لینینییە کەمتر کاریگەرەکانی کورد باس لەوە دەکەن کە کوردستان داگیرگەیەکی تورکیایە، بەڵام ئەوانیش رەنگە بە ئاشکرا کەمتر لەوەی دەگوترێت جودابیخواز بن. هەرچۆنێك بێت، شیکردنەوەکانیان لەلایەن زۆرێك لە گروپە تورکە چەپگەراکانەوە قبوڵ کراوە، ئەو گروپانەی کە بڕوایان وایە کاتێك تورکیا و کوردستان (رزگار کران)، ئیتر (پرسی نەتەوایەتی) نامێنێت, هەروەك چۆن بەدڵنیاییەوە لە یەکێتی سۆڤیەت روویداوە !

٣. بەرنامەکانی کورد لە تورکیا بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوانەی عێراق و ئێراندا بەراورد ناکرێت. من پێم وایە کە کوردەکان لەبەر دوو هۆکار داوای ئۆتۆنۆمیی راستەقینە دەکەن, یەکەمیان: (لەڕووی تیۆرییەوە) ئەوەیە کە ئەم ئۆتۆنۆمییە وەکوو بژاردەیەك خراوەتە بەردەمیان، دووەمیشیان: نیشتیمانیە، کە ئومێدیان بەوەیە هەندێك لە عێراقییە عەرەبەکان لە شەڕی دژی حکومەتدا یارمەتییان بدەن.

لە ئێران رەنگە کوردەکان داوای دەوڵەت بکەن، دیسانەوە، ئەمەش وەکوو تاکتیکە. لە تورکیا، بە پێچەوانەوە، هەموو مافێك هەر لە بەکارهێنانی زمانەوە تاوەکوو داواکردنی سەربەخۆیی بە یەك شێوە قەدەغە کراون. هەرچەندە ئەو کارابوونەشییان نیيە کە یارمەتییان بدات چ لەبارەی خواستەکانیانەوە، چ لەسەر ئەو ئامانجە راستەقینەیەی کە هەیانە, بڕیار بدەن. تێڕوانینی من ئەوەیە کە زوربەی گروپەکان لە باروۆخێکدان کە ئامادەییان تێدا نەبێت ئامانجەکانیان روون بکەنەوە، یاخود بەهۆی قبوڵکردنی نەیارێتی دژی هەموو شتێکی تورکی، هیچ ئامانجێکیان نیيە.

٤. کوردەکان، کە دەیڤد هیرست لەبارەیانەوە دەنوسێت رەنگە کەمینەیەکی (زۆر بچوك) نەبن، بەڵام بەدڵنیاییەوە وەکوو پێویست ئامادەییان نیيە. هەروەك لە نامەکەی رۆژی ٢٤ی تشرینی یەکەممدا نوسیوومە، جۆن بەڵۆك گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە گروپە نەتەوەییە چەپگەراکان تەنیا گەیشتوونەتە قۆناغی هەوڵدان بۆ رێکخستنی گوندنیشنەکان. لەم رووەوە، بزووتنەوە کوردییەکان لە تورکیا بە بەراورد بە برا ئێرانی یاخود عێراقییەکانیان کەموکورپەکیان هەیە.

تورکیا دیموکراسییەکی پەرلەمانییە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەبێ پشتیوانی یاخود تەنانەت پاڵێوران لەلایەن خاوەن زەوییەکانەوە، هیچ حزبێك ناتوانێت لە دەرچونی پاڵێوراوەکانی دا لە ناوچە کوردنشینەکان دڵنیا بێت. ئەنجامەکە ئەوەیە کە سەرکردە خێڵەکییە کوردەکان، وەکوو یاسایەك، یەکیان گرتووە لەگەلیان دا و سودیان بینیوە لە پێکهاتەی دەسەڵاتی تورك، تەنانەت سەرۆك وەزیرێکی ئەم دواییە، کە (فەریت مەلەن)ە ئەوا کوردە. بۆیە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە کوردەکان خۆیان لە خێڵەکانی بازووی دەسەلات دورخستووەتەوە و، خۆیان لەناو چینی رۆشنبیری خوێندەوار و نیمچە خوێندەواری پەرتەوازە شارنشینەکاندا قەتیس کردووە. رەنگە ئەمە هەڕەشەیەکی درێژخایەن بخاتە سەر تورکیا، لەبەر ئەوەی کە پەروەردە و پەرەپێدان

و کۆچکردن بۆ شارەکان، پەیوەندییە خێڵەکییەکان تێك دەشکێنێت. لە ژینگەی لەوجۆرەدا، رەنگە هوشیاریی و بە ئاگاهاتنەوەی کوردی بەدوادابێت، نەك بە ئاگایی تورکی.

٥. ئەم هۆکارە وایکردووە کە کوردە نەتەوەگەراکان لە تورکیا ئاگاییەکی پان-کوردییان هەبێت, لەکاتێکدا لە عێراق و رەنگە لە ئێرانیشدا خێڵەکان تائێستاش یەکەی چالاکی یاخیبوونن. هەروەها خاڵێکی ئاشکرا هەیە کە لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییەوە نزیکەی هەموو شەڕەکانی ناوچەکە لەلایەن کوردانی ئێران و عێراقەوە ئەنجام دراون. شتێکی سروشتییە کوردانی تورکیا حەز بکەن کە هاوتاکانیان لەودیو سنورەکانی تورکیاوە چالاکییەکانیان بکەن وەك لەوەی لە کوردستانی تورکیادا ئەنجامی بدەن، ئەوانیش هیچ کارێکیان بۆ راکێشانی ئەم حەزە ئەنجام نەداوە، ئەوەنەبێت کە جاروبار لە یەکتریان کوشتووە.

٦. ئێمە لە تورکیا هیچ کاردانەوەیەکمان نەبینیووە بەرامبەر بەو ئیمتیازانەی کە خومەینی بە کوردەکانی داوە. رەنگە هەر گۆڕانکارییەك کە روویدات ئەوا دەستبەجێ تێبینی بکرێت. لە ساڵی داهاتوو کاتێك کەشوهەوا بوار دەدات، دەمەوێت سەردانی خۆرهەلأت بکەم. ئەگەر کوردانی ئێران ئۆتۆنۆمییەکی خۆڕاگر و بەردەوامیان بەدەست هێنا, پێشبینی ئەوەیە کە سنورەکە زیاتر لەئێستا کێشەی تێ بکەوێت. رەنگە ئەمەش تا رادەیەکی کەم نائارامی دروست بکات. بەڵام گومانمان لەوە هەیە کە تەنیا ئەم ئیمتیازانەی بە کوردی ئێران دەدرێن ئەوا بەس بن بۆ گۆڕینی هاوپەیمانێتی زوربەی خاوەن زەوی و سەرکردە خێڵەکییەکانی دەوڵەتی تورکیا. ئەگەر ئیمتیازاتەکانی ئێران ببنە هۆی سەرکەوتنی کوردان لە عێراقیش، ئەوا بە دڵنیاییەوە بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز دەبێت.

دەبلیو بی ئێلڵ دینکسن

وێنەیەك بۆ بەڕێزان: بەغدا, تاران, ئەسینا, NICOSIA, HMCG و,
ئەستەمبوڵ.

## "بەلگەنامەکانی شوباتی ١٩٨٠"

---------

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

تاران

١٢ی شوباتی ١٩٨٠

بەڕێز هەیچ. دی. ئەی. مایرس سی ئێم جی

بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنویڵز

بەڕێز دەیڤد،

کوردەکان

١. رەنگە لە راپۆرتەکانی ئەم دواییەدا تێبینی ئەوەت کردبێت کە بزوتنەوەی کوردیی لە گەشەسەندن دایە. شێخ عیزەدین حوسەینی کە سەرکردەیەکی ئایینیەیە و لە مهاباد نیشتەجێیە, وا پێدەچوو لە ساڵی رابردودا بۆ ماوەیەك بەرەیەکی پتەوی بەدەست هێنابێت کە هەموو گروپەکانی کوردی ئێرانی لەخۆ دەگرت جگە لە (پێشمەرگەکانی کوردی مسوڵمان) و، لە راگەیاندنەکاندا وەکوو (شاندی نوێنەرایەتی کورد) ناسراوە. کاریگەریی ئەم بەرەیە لەوەدا وەکوو پێویست بوو کە خومەینی ناچار کرد لەو سەرزەنشتکردنەی پێشووی پەشیمان ببێتەوە کە روبەڕوی حوسەینی و قاسملووی کردبووەوە و وەکوو "موفسید فیلئەرز– بێ باوەڕانی سەر زەوی" ناوزەدی کردبوون و, هەروەها حکومەتیشی ناچار کرد کەوا بۆ دەرخستنی نیازپاکییەکەی وەفدێك بۆ دانوستان بنێرێتە لای کوردەکان. هەرچەندە کوردەکان لە بەرەی چەپگەراکانی چریکە فیدایییەکانی خەلق دابوون. بەڵام پێشهاتە نوێیەکانی ناوچەکە

دەریدەخەن کە حکومەت لەم دواییەدا توانیویێتی درزێك لەنێوان گروپە جیاوازەکاندا دروست بکات، کە دەردەکەوێت جیاوازی سیاسیی گەورەیان لەژێر ئەو ئامانجە هاوبەشەیاندا هەیە کە بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی هەیانە (تەنانەت وا پێویستە کە پابەندبوونی چریکە فیداییەکانی خەلق بۆ ئەم ئامانجە بخرێتە ژێر پرسیارەوە). کوردەکان لەئێستادا هەم تفەنگ بەیەکترەوە دەنێن و هەم بە (پاسداران)یشی دەنێن, کە پاسداران لەسەر ئاستی جیهان بە چاوێکی نەخوازراوەوە تەماشا دەکرێن. من لەبەر بەرژەوەندی خۆم هەوڵم داوە کە جۆرە رێکخستنێك لەم ئاڵۆزیی گروپانەدا بەدی بهێنم و, بەم دواییە توانیومە بابەتەکە لەگەڵ سەرکردەیەکی کورد و هەروەها لەگەڵ باڵیۆزی تورك و چەند کەسێکی تردا باس بکەم.

٢. ئەنجامەکەی ئەوەیە کە رەنگە بتوانرێ لە رووی زمانەوانییەوە بەمجۆرە وەربگێڕدرێت:

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران: گەورەترین حزبی تاقانەی کوردستانی ئێرانە، قاسملوو ڕێبەرایەتی دەکات.

پارتی دیموکراتی کورد (پدك) (عێراق): بزووتنەوەکەی مەلا مستەفای کۆچکردوو، ئێستا لەلایەن کورەکانیەوە ئیدریس و مەحمود[٦] سەرکردایەتی دەکرێت، هەرچەندە کەوتوونەتە ناکۆکیەوە و چەك و پارەیان لە حکومەتی ئێران وەرگرتووە بۆ ئەوەی هانبدرێن لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

---

[٦٦] ڕوونە کە مەبەستی دبلۆماتکارەکە (ئیدریس و مەسعود)ە، چونکە پێشتر وشەی (کوڕەکانی) بەکارهێناوە. ئەکرێت لەکاتی تایپکردنی بەڵگەنامەکەدا بەهەلە پیتەکانی (hm) بەکارهاتبێت لە بری پیتی (s)، بۆیە ناوەکە بۆ وەرگێڕانی کوردی دەبێتە مەحمود نەك مەسعود، بەڵام ڕوونە کە مەبەستەکەی مەسعودە نەك مەحمود.

پێشمەرگە (دیارینەکراو): ئەمە، وەك پێم گوتراوە، لە رووی زمانەوانییەوە بەمانای کەسێك دێت کە خۆی بۆ مەرگ تەرخان کردووە. بەزۆری ئەم وشەیە بۆ پارتیزانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، واتە حزبەکەی قاسملوو بەکار دەهێنرێن. لە عێراقیش ئەم وشەیە بۆ شەرکەرەکانی هەم بارزانی و هەم تالەبانی بەکار دەهێنرێت.

پێشمەرگەی کوردی موسولمان: ئەمە گروپێکی بچوکە و بەم دواییە دروست بووە کە پشتیوانی لە ئەحمەدی موفتیزادە دەکەن. ئەحمەدی موفتیزادە لە بەهار و هاوینی سالی رابردوودا وەکوو پشتیوانیکاری دەسەلاتی خومەینی دەرکەوت و ئێستاش دوای ماوەیەکی زۆر لە دیارنەمانی، دەرکەوتۆتەوە.

ڕزگاری: ئەمەش گروپێکە لەژێر سەرکردایەتی شێخی نەقشبەندی دا دروست بووە. راهێنان و چەك و پارە لە عێراقەوە وەردەگرن و رەنگە پەیوەندیشیان هەبێت بە شاپور بەختیارەوە (ئەمە قسەی بالیۆزی تورکیایە). ئێرانییەکان بڕوایان وایە کە زۆربەی ئەندامەکانی ئەم گروپە کۆنە ساواکیەکانن.

کۆمەلە: رێکخراوێکی تاڕادەیەك نوێیە. وشەکە بەمانای (زەحمەتکێشەکان) دێت. لە فەلسەفەیاندا (ماوی)ن و لە رووی تەکتیکییەوە لەگەلّ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی قاسملوو دان.

حزبەکەی تالەبانی: بە قسەی سەرچاوەکەی من بێت، ئەمە لە بنەرەتدا باندێکی یەك کەسییە! (This is virtually a one-man band!). جەلال تالەبانی کە پیاوێکی بەتوانایە و، چەند بۆچونێکی توندوتیژ 'کێوییانە'ی هەیە (with some wild ideas)، شوێنکەوتویەکی کەمی لەگەلە. ئەگەر ئەم قسەیە هەلە بێت، ئەوا ئالێك سترلینگ بەبیّ گومان راستی دەکاتەوە.

جاش: لە رووی زمانەوانییەوە بەمانای بێچووی گوێدرێژ (گوێدرێژی بچوک) دێت، ئەم وشەیە وەکوو سوکایەتییەك بەرامبەر نەیارەکان بەکاردەهێنرێ. دەقاودەق بە مانای نیشتمانفرۆش یاخود کەسێك کە هاوکاری دوژمن بکات دەگەیەنێت. لە عێراق، ئەم ناوە بۆ ئەو میلیشا کوردانە بەکاردەهێنرا کە پشتیوانییان لە حکومەتی عێراق وەردەگرت. ئێستا کە لە ئێرانیش دا بەکار دەهێنرێت، مەبەست لێی هێزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) و هەروەها گروپەکەی ئەحمەدی موفتیزادەش دەگرێتەوە کە بە (پێشمەرگەی کوردی مسوڵمان) ناسراوون.

٣. جگە لەمانە هەمووی، فیدائیانی خەلق، یاخود گروپێکی جیابووەوە لە فیدائیان ئێستا لە کوردستان چالاکن.

٤. ریچارد گاردنەر (بۆ قازانجی هەموو لایەك، کەسێکە بە زمانی کوردی قسە دەکات و ماوەیەکی زۆرە لە ناوچەکە دەژی) و، بەم دواییە لە تاران بووە. ئەو دەڵێت: "هێزی پێشمەرگەی کوردستان" بەم دواییە بەرەو (قوروە) پەل دەهاون و لەوێش خەڵکی شارۆچکەکە لە ژێر دەسەڵاتی پارێزگار دان و، پارێزگاریش داوای پشتیوانیی سەربازیی پاسدارانی کردووە، بۆیە دەیانەوێت هێرشێك ئەنجام بدەن و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی کورد کە لە بەهاری رابردووەوە لەوێن و هێشتا نیشتەجێ نەکراون، پێدەچێت شەڕەکە خوێناوی بێت.

ئەو باسی لە سەفەرێك کرد بۆ سەنەندەج لەو کاتەدا کە شەکیبا پارێزگاری گشتی بوو. دیارە هیچ سەرباز یاخود پاسدارێك لەوناوە نەبینراوە و، هەموو خزمەتچییەکان (جاشەکان) جلی کوردییان لەبەردا بووە و، بە چەك و تفاقی تەواوەوە بینراون.

کاتێ شەکیبا دەستی لەکار کێشایەوە، شاە وەیسی کە جێگرەوەیەتی، یەکەم شت سوپا و پاسدارانی گێڕایەوە. پاشان، وەك دەزانین، خۆی دایە پاڵ مانگرتووەکان. بە

گوتەی گاردنەر، هەموو ناوچەکە "سەنەندەج، مهاباد، بیجار و، پاوە" بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی کوردەکاندان و، بەرەو باشور و باشوری خۆرئاوا پەل دەهاون و، ٣٠ کیلۆمەتر لەودیو قوروەیان گرتۆتە دەست.

ئەوەشمان بیستووە کە پێدەچێت سەنقور کە پەنجا کیلۆمەترێك لە باشوری خۆرئاوای قوروەیە، ببێتە ناوەندی کێشەی داهاتوو. باڵیۆزی تورك لەمبارەیەوە دەڵێت: کوردەکان بەرەو باکوریش پەلیان هاویشتووە، تیۆرەکەی باڵیۆز ئەوەیە کە: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بیر لە کوردستانێکی ئێران دەکاتەوە کە ئورومیە پایتەختەکەی بێت و، زۆر پشتی بە پشتیوانی تورکیا لە باکوری خۆرئاوا و بە یەکێتی سۆڤیەت لە باکور بەستووە، بۆ ئەوەی یەکەمجار لە سنورەوە پشتیوانی بەدەست بهێنێت بەمدیودا و, گریمانە دەکرێت کە دواجار هەوڵ بدات لەگەڵ کوردەکانی ئەودیوی سنورەکانی تورکیا و یەکێتی سۆڤیەتدا یەك بگرێت. بە دڵنیاییەوە ئەم بزوتنەوەیە دەبێتە هۆی بەیەکدادانی کوردەکان لەگەڵ دانیشتوانە تورکەکەی ئورومیە و ناوچەکانی دەوروبەری. من خۆم پێم وایە: ئەمە چیرۆکێکی تورکەکان بێت مەبەست لێی تۆقاندنی ئەو کەسانە بێت کە پێیان وابێت ئامانجی کوردەکان هیچ مەترسییەکی لێ ناکەوێتەوە.

٥. ئێمە پێشوازی لە هەر وەڵامێك دەکەین کە لە وەرگرانی ئەم نامەیەوە رەوانە بکرێن، یاخود لەو کەسانەوە کە رەنگە باشتر لە بابەتەکە ئاگادار بن.

دڵسۆزی هەمیشەییت،

جەی. ئەی. ئێن گراهام

وێنەیەك بۆ: ئای.دی.پی, دەستەی هەڵسەنگاندن, ئەی. جەی. دی سترلینگ سی.ئێم.جی، بەغدا, ئەنقەرە.

ژمارە ٢٤٥/١

مستەر لامپۆرت – MED

کوردەکان

١. سەبارەت بە نامەکەی رۆژی ١٢ی شوباتی سێر جۆن گراهام بۆ دەیڤد مایەرز ئەم بۆچوونانەم هەیە.

٢. بڕوام وایە: تێکڕای بابەتەکانی بڕگەی دووەم راستن.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە قاسملوو ڕێبەرایەتی دەکات، گەورەترین حزبی کوردە. حزبەکە چەپگەرایە بەڵام لەوانەیە ئامانجی وابێت هەموو کوردەکان بە جیاوازییەکانیانەوە لەخۆی بگرێت. ئەگەرێکی باشە کە پشتیوانی لە عێراق وەربگرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستانی (عێراق) سەرکردایەتییەکی کاتیی (قیادە موەقەتە)ی هەیە و مەسعود بارزانی سەرۆکێتی. عەبدولڕەحمان (سامی) پەیوەندی لەگەڵ گروپەکەدا هەیە، هەرچەندە چەند بەریەککەوتنێك لەنێوان ئەو و بارزانیەکاندا هەیە. بەگشتی بڕوا وایە: ئەم گروپە ماوەیەك پشتیوانییان لە رژێمەکەی خومەینی وەرگرتبێت، بەڵام نازانرێت ئایا ئەم پەیوەندییە ئێستاش بەردەوامە یان نا.

کۆمەڵە، حزبێکی مارکسی–لینینیستییە و لەڕووی تەکتیکییەوە هاوپەیمانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانن. لە رۆژی ١٤ی تشرینی دووەمدا چاوپێکەوتنێك لەگەڵ د. عەزیزی سەرکردەی ئەم حزبە لە (ئێرانیەکە The Iranian)دا بڵاوکراوەتەوە,

ئەو نەیگوتووە کە حزبەکەی (ماوی)یە، بەڵام بەگشتی خەڵك بەو چاوە تەماشای دەکات.

جەلال تاڵەبانیش: کوردێکی عێراقە کە سەردەمانێك هاوکاریی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیدا دەکرد, بەڵام بە رواڵەت لەو توندڕەوتر بوو. دوای رێککەوتنەکەی ساڵی (١٩٧٥) لەنێوان ئێران و عێراقدا لەسەر مەسەلەی کورد، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دامەزراند و، بە هاوکاریی سوریا دەستی بە چالاکی پارتیزانی لە عێراقدا کرد. زۆرم پێ سەیرە کە وەك تاقمێکی (باند: band) ێکی یەك کەسی ئاماژەی پێ کراوە. بەڵام رەنگە ئەوە راست بێت کە لە ئێستادا لە کوردستانی ئێران خەڵکێکی کەمی لەگەڵدایە. بڕوا وایە کە تاڕادەیەك هاوکاریی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا کردبێت. هاوینی رابردوو دکتۆر چەمران نیوەی کێشەکانی کوردستانی ئێرانی خستە ئەستۆی جەلال تاڵەبانی.

گرووپی ڕزگاری پەیوەندی بە شێخی نەقشبەندییەوە هەیە، کە جۆرە پشتیوانییەك لە عێراقەوە وەردەگرێت. رەنگە پەیوەندییەکی راستەقینەی لەگەڵ شاپور بەختیاردا هەبێت. بە پێی رۆژنامەکانی ئێران لە کۆتایی مانگی کانونی دووەمدا لەنێوان گرووپی رزگاری و کۆمەڵە پێکدادان روویداوە لە کامیاران. ڕاستیشە کە فیداییانی خەلق لە کوردستاندا چالاکی دەکەن، هاوپیمانێتییەکی ناتوندوتۆڵیان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەدا هەیە.

٣. دەتوانرێت شوێنکەوتەیی شێخ عێزەدینی حوسەینییش بۆسەر ئەم گروپانە زیاد بکرێت، کە بە فکر چەپگەرایە و هاوپەیمانێتییەکی ناتوندوتۆڵی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هەیە. هەروەها ئەکرێت هۆزی جافیش بۆ ئەم گرووپانە زیاد بکرێت کە دژی خومەینییە و پێ دەچێت برێك پشتیوانیی لە عێراق وەربگرێت.

٤. ئاشکرایە کە شەڕی ناوخۆی کوردەکان لە یەك دوو مانگی رابردوودا زیادی کردووە. من نازانم تا چەند ئەم شەڕە بەهۆی جیاوازییە خێڵەکی و ئایدۆلۆژیی و جیاوازییەکانی دیکەوە بووە و، واشیکردووە کە کوردەکان نەتوانن لە ماوەیەکی کورت زیاتر ئەوا بە یەکگرتوویی بمێننەوە. پێویستە پابەندی کۆمەڵە و فیداییانی خەڵق بۆ ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی لە هەرشتێکی ریشەییتر بخرێتە ژێر پرسیارەوە. هەرکاتێك حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پایتەخت دیاری بکات، ئەوا ناتوانن دڵنیابن لەوەی کە گروپە کوردەکانی دیکە یەك دەنگ دەبن لەگەڵیاندا.

٥. جێگەی بایەخە کە پشتیوانیی ناوچە کوردییە جیاجیاکانیش بۆ ئەم حیزب و گرووپانە دیاری بکرێن. راپۆرتە جیاجیاکان دەریدەخەن کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مهاباد و سەردەشت بەهێزترینە و, تاڵەبانیی و نەقشبەندی و ئەوانیتر هەموویان لە ناوچەیەکی سەرسنوری عێراق لە نێوان بانە و پاوەدا چالاکن و, نەقشبەندییەکان لە ناوچەی کرماشانیش هەر چالاکن. گریمانە ئەوەیە کە زۆر لە پشتیوانانی ئەحمەدی موفتی زادەش لە سەنەندەج بن، کە سەرکردەیەکی ئاینییە لەو شارەدا. بەڵام وێنەکە هێشتا ناڕونە و رەنگە هەڵە بێت ئەگەر هەوڵبدەین هێڵی رێکی بۆ بکێشین.

٦. چەمکەکانی پێشمەرگە و جاش، وەکوو من بزانم، رێك بەو شێوەیە بەکاری دێن کە لە بڕگەی دووەمی نامەکەی باڵیۆزدا باس کراوە.

سی جەی ئێس رەندڵ

بەشی لێکۆڵینەوە

١٨ی شوباتی ١٩٨٠

نهێنی
وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵز
لەندەن SW1A 2AH
٢١ی شوباتی ١٩٨٠

سێر جۆن گراهام KCMG
تاران

کوردەکان

١. سوپاس بۆ نامەی رۆژی ١٢ی شوبات کە یارمەتییەکی زۆری داوین لەو گروپە جیاوازە کوردییانە تێ بگەین کە بەم دواییە بڵاوتر بوونەتەوە. لەگەڵ کریس رەندڵ و چەند پسپۆڕێکی تر وتووێژمان لەسەر نامەکەت کرد. هیواداڕین ئەم لێدوانانەی خوارەوە (وەك لە نامەکەتدا داوات کردووە) یارمەتیدەر بن.

٢. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی قاسملوو بە رواڵەت چەپگەرایە, بەڵام رەنگە ئامانجی ئەوە بێت کە کوردانی هەموو بیروباوەڕە جیاجیاکان لەخۆیدا کۆبکاتەوە. دەگوترێ کە لەئێستادا پێشمەرگەکانی قاسملوو –کە جیاوازن لەوانەی بارزانی– رەنگە زیاتر لە ٤٠ هەزار بن (هەرچەندە ناتوانین ئەم ژمارەیە یاخود قەبارەی گروپە کوردییەکانی تر پشتڕاست بکەینەوە). ئەگەرێکی باش لەئارادایە کە ئەم گروپە پشتیوانی لە عێراق وەربگرێت، هەروەها باس لەوە دەکرێت پەیوەندی بە کۆمۆنیستەکانیشەوە هەبێت, جگە لەو وتە بەناوبانگەی قاسملوو کە پاییزی رابردوو سەبارەت بە داوای کۆمەکی لە یەکێتی سۆڤیەت کردی. هەروەها بەڵگەی ئەوە لەبەردەستدایە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەدەست کەرتبوونێکی

ناوخۆییەوە دەناڵێنێت و چەند گروپێك لەناو سەرکردایەتی ئەو حزبەدا هەن کە رەخنە لە سیاسەتەکانی قاسملوو دەگرن.

– پارتی دیموکراتی کوردستانی (عێراق) سەرکردایەتییەکی کاتی (قیادە موەقەتە)یەکی هەیە کە مەسعود بارزانی سەرۆکێتی. عەبدولڕەحمان (سامی) پەیوەندی بە گروپەکەوە هەیە, بەڵام پێدەچێت بڕێك بەریەککەوتن لەنێوان ئەو و بارزانییەکاندا هەبێت. بۆچوونێکی بەربڵاو هەیە کە ئەم گروپە لە سەردەمێکدا پشتیوانی لە رژێمەکەی خومەنییەوە وەرگرتبێت –کە ساڵی رابردوو چەند حاڵەتێکیمان بەر گوێ کەوتووە– بەڵام نازانم کە ئایا ئەم پشتوانییە هێشتا بەردەوامە یان نا.
– وا تێ دەگەین کە گروپی "ڕزگاری" پەیوەندی بە شێخ عوسمان نەقشبەندی و خێڵەکەیەوە هەبێت. نەقشبەندی جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ عێراقدا هەیە و رەنگە پەیوەندی لەگەڵ شاپور بەختیاریش هەبێت.

– کۆمەڵە گروپێکی مارکسی لینینی ماوییە. ناوی تەواوی گروپەکە بریتییە لە: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان. رۆجەر کۆپەر لە وتارەکەی ئەم دواییەیدا لە گۆڤاری سەندەی تایمزدا (کە نوسخەیەکیمان ناردووە بۆ دەیڤد رێدەوەی) دەڵێت: کۆمەڵە وەکوو گروپێکی ژێرزەمینی لەلایەن خوێندکار و رۆشنبیرانی کوردەوە لە تاران و تەبریز دروست کراوە, چالاکییەکانی لەناو کرێکارە نا–کوردەکانی ئەم شارانە دەست پێ کردووە و, تا ئێستاش خۆی بە بڵندگۆی کرێکارە پیشەسازییەکانی سەرانسەری ئێران دەزانێت. بەڵام لە کوردستان، پێدەچێت زیاتر جوتیارەکان لە خۆی کۆ بکاتەوە.
براکان بەناوی موهتەدییەوە دەسەلاتداری ئەم گروپەن. باڵە سەربازییەکەی لە رووی ژمارەوە کەمن– بەپێی هەندێك لێکدانەوە لە ٣ هەزار کەس تێپەڕ ناکەن.

– تاڵەبانی کوردێکی عێراقیەیە کە لە رابردودا ماوە ماوە هاوکاری لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیدا کردووە، هەرچەندە بە رواڵەت زۆر توندڕەوتر دیارە. بەڵام دوای رێکەوتنەکەی ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ دا لەسەر مەسەلەی کورد، ناوبراو حزبی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دامەزراند و بە یارمەتی سوریا دەستی بە چالاکیی پارتیزانی کرد. بڕوا وایە تاراددەیەك هاوکاری لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کردبێت و، هاوینی رابردوو دکتۆر چەمران ناوبراوی بە هۆکاری نیوەی کێشەکانی کوردستانی ئێران لەقەڵەم دا. لەگەڵ ئەوەشدا، رەنگە لەئێستادا پشتیوانێکی کەمی لە کوردستانی ئێراندا هەبێت.

٣. دوو گروپی تر بۆ سەر لیستەکەت زیاد دەکەین. پێدەچێت شێخ عیزەدینی حوسەینی پشتیوانێکی زۆری لەناوچەکە هەبێت و پەیوەندییەکی ناتوندوتۆڵی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هەیە. (لە راپۆرتێکی ئەم دواییەدا باس لەوە کراوە کە ٦ هەزار چەکداری هەبێت). لەگەڵ ئەوەشدا لەبیرمە کە تەنانەت پایزی رابردوو ئەمیش و قاسملووش لەلایەن خومەینییەوە قەدەغە کران، ئاماژەی ئەوە دەبینرا کە ئەم دوو کەسە بۆچوونی تەواو هاوتای یەکتریان نیە. بەگشتی بۆچوونەکانی حوسەینی بە چەپگەرا دادەنێین. خێڵی جافیش لە کوردستان چالاکە (لە نزیك کرماشانەوە) و نەیاری خومەینیەیە و، وادەزانرێت کە برێك کۆمەك لە عێراقەوە وەربگرێت.

٤. سەرەڕای ئەو بایەخە بەردەوامەی لەسەر هەرێمەکە هەیە (کە چیرۆکەکەی ریچارد گاردنەر خەمی زیاتری سەربار دەکات)، ئەوا هێشتا گومانی ئەوە هەیە کە ئایا کوردەکان تەنانەت بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت دەتوانن بەسەر جیاوازییەکانی

ناوخۆیاندا زاڵ بن, کە ئەم جیاوازییە بەردەوام ئاستی مەترسی ئەوانی لەسەر حکومەتی ناوەند لاواز کردووە.

بەپێی رۆژنامە و سەرچاوەکانی دیکە بێت، وا دەردەکەوێت کە لەماوەی یەك مانگ و دوو مانگی رابردوودا شەڕی ناوخۆیی کوردەکان زیاتر بووە. بۆ نمونە: لە کۆتایی کانونی دووەمدا، (بە گوتەی رۆژنامەی فارس)، لە کامیاران پێکدادان لەنێوان هەردوو گروپی رزگاری و کۆمەڵەدا رویداوە. گریمانە وایە کە ئەم شەڕە ناوخۆییە نیشانەی زیادبوونی گروپە کوردییەکانە کە هەر یەکەیان وەفاداریی خێڵەکیی و ئایدۆلۆژی جیاواز و (بەرتەسك)ی خۆیان هەیە.

هەروەها، پێویستە خۆڕاگریی بەشێك لەو هاوپەیمانێتییەی کە ئێستا لەنێوان گروپەکاندا هەیە بخرێتە ژێر پرسیارەوە, بۆ نمونە: هاوپەیمانێتییە تاکتیکییەکەی نێوان کۆمەڵە و فیداییانی خەلق لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و مەسەلەی ئۆتۆنۆمیی هەرێمیی، چ جای لە مەسەلەی ریشەییتردا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئێستادا شتێکی کەم لەبارەی هاوپەیمانێتییەکانی نێوان گروپە جیاجیاکان دەزانین. هەر زانیارییەکت لەمبارەیەوە هەبوو, جێگەی بایەخمانە.

٥. هەروەها پرسی پشتیوانیی ناوچەییش لەئارادایە. ئەو راپۆرتانەی لێرە بەرچاومان کەوتووە دەریدەخات کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مهاباد و سەردەشت زۆرترین هێزی هەیە, "تاڵەبانیی و نەقشبەندی و جاف" هەموویان لە ناوچەکانی نێوان بانە و پاوەی بەرامبەر سنوری عێراق چالاکن و، نەقشبەندییەکان بەئاشکرا لە ناوچەکانی مەریوان و کرماشانیش هەر کاریگەرییان هەیە. گریمانە دەکرێت ئەحمەدی موفتیزادە لە شاری سەنەندەج کە شاری خۆیەتی پشتیوانی هەبێت. بەڵام دەمەوێ بزانم کە ئایا کاریگەریی ئەم گروپانە تا چەند ئەم ناوچە دیاریکراوانەی تێپەڕاندووە؟ لە هەموو حاڵەتێکدا، بەلامەوە قورسە بڕوا بەو وێناکردنە ترسناکەی باڵیۆزی تورکیا

بکەم– هەرچەندە بە دڵنیاییەوە پێویستە زۆر لەوە زیاتر بزانێت کە ددانی پێدا دەنێت!

دڵسۆزی هەمیشەییت،

دەیڤد

ئەیچ دی ئەی سی مایەرز

بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

ئەنقەرە

٢٦ی شوباتی ١٩٨٠

بەڕێز ئەیچ دی ئەی سی مایەرز CMG

بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنویڵز

بەڕێز دەیڤد

کوردەکان

١. نامەکەی رۆژی ١٢ی شوباتی سێر جەی گراهاممان بە بایەخەوە خوێندەوە کە بۆتانی ناردبوو. رەنگە حەز بکەیت بۆچونی زیاترت پێ بگات لە وڵاتێکەوە کە ئێرانە و زیاتر خواستەکانی کوردی تێدا بێدەنگ کراوە.

٢. مارك دیکنسن لە نامەیەکدا بۆ ئایڤر راوڵینسن لە رۆژی ١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٧٩دا (کە نوسخەیەکی هاوپێچ دەکەم) بەگشتی هەلومەرجی کێشەی نەتەوەیی کوردی لە تورکیا باس کردووە و ئاستی کاریگەرییەکەی خستووەتەڕوو. هەروەها کۆپیەکی خشتەیەك هاوپێچ دەکەم کە زیادبوونی گروپە کوردییەکانی ناو تورکیا نیشان دەدات، هاوکات لەگەڵ وەرگێڕانی ناوەکانیان و ئەو کورتکراوانەی کە بۆیان بەکاردەهێنرێت، بەشێوەیەکی بنەڕەتی، دوو هێڵی سەرەکییان هەیە.

یەکێکیان دەگەڕێتەوە سەر پارتی دیموکراتی کوردی تورکیا (پدکت) کە پشتیوانی لە پارتی دیموکراتی کوردی عێراق و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکات. بەڵام چالاکییەکانیان بەشێوەیەکی سەرەکی لە چالاکی راگەیاندندا قەتیس کراوە. پدکت لە ساڵی ١٩٧٨دا کەرت بوو و باڵە راستڕەوەکەی کە ناوەکەی پاراستووە بە ئاشکرا بانگەشە بۆ جیابوونەوە لە تورکیا ناکات. باڵە چەپەکەی ئامادەیی زیاترە باس لەم

بابەتە بکات، بەڵام پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقییەکان و (رەنگە لەگەڵ ئێرانییەکانیش)دا سنوردار بن، ئەوەش رەنگە بەهۆی مەیلە ئایدۆلۆژییەکانەوە بێت.

٣. هێڵی دووەم ئەو گروپانەن کە لە حزبە چەپگەرا تورکەکانەوە جیابوونەتەوە، بەزۆریش ئەوانەن لە پارتی کرێکارانی تورك (TIP) جیابوونەتەوە. ئەم هێڵە بەهۆی جیابوونەوەی گروپێکەوە لە ناو (پدکت)دا ئەوا بەهێزتر بووە و پشتیوانی جەلال تاڵەبانی دەکەن لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستانی (عێراق). زۆربەی گروپەکانی ناو ئەم هێڵە سەر بە هێڵی پشتیوانی لە تاڵەبانی و، پشتیوانانی یەکێتی سۆڤیەتن و توندڕەویشن.

٤. لەو دوو هێڵە، یەکەمیان کاریگەریی زیاتری لە ناوچە کوردزمانەکاندا هەیە، بەلام هێڵی دووەم کە توندڕەوتر و ئایدۆلۆژیترن، ئەوا پێدەچێت پشتیوانییەکی زیاتری لەناو ئەو کوردانەدا هەبێت کە کۆچیان کردووەتە شارە گەورەکانی خۆرئاوای تورکیاوە.

٥. هیچکام لەم گروپە کوردییانەی ناو تورکیا ئەوەندە پشتیوانییەکی رێکخراویان نىیە کە بتوانن مەترسی جددی لەسەر حکومەت دروست بکەن. تاکە گروپیان کە دەریخستووە مەیلی بەلای شەڕکردنی هێزە ئەمنییەکانەوە هەیە گروپی (ئاپۆکولار Apocular) بوو کە ساڵی پار خۆی لە کێشەی خێڵەکییەوە گلاند و، هەوڵی دا ئەندامێکی کوردی ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکیا بکوژێت. پێدەچێت زوربەی ئەندامانی ئەم گروپە دەستگیرکرابن و لەسەرەتای ئەم ساڵەوە شتێکی ئەوتۆیان لەبارەوە نەبیستراوە.

هیچ بەڵگەیەکمان نىیە کە دەری بخات کوردانی تورکیا پشتیوانی ماددی پێشکەشی کوردانی ئێران دەکەن و، هەمان گومانی سێر جەی گراهاممان هەیە (بڕگەی ٤ی

نامەکەی) سەبارەت بە تیۆرییەکەی باڵیۆزی تورکیا لەبارەی بەرنامەیەکی تۆکمەی کوردەوە بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی دەسەلاَت لە باکوری خۆرئاوای ئێران. ئەمەش بەپشتبەستن بەو کۆمەکانەی کە لە سنوری سۆڤیەت و تورکیاوە ئاودیو بکرێن و وەك قۆناغی یەکەمی دەوڵەتێکی کوردییە کە سنورەکانی ئێستا تێ‌بپەڕێنێت.

دڵسۆزی هەمیشەیت،

ستێفن

ئێس جەی بارێت

وێنەیەك بۆ: بەڕێز ئای جەی راوڵنسن، SED وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵز, بەڕێز تاران و, بەڕێز بەغدا.

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٨ی شوباتی ١٩٨٠

٤/٠١٤

بەڕێز هەیچ. دی. ئەی. مایرس سی ئێم جی

بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێلز

بەڕێز دەیڤد،

کوردەکان

١. من زۆرم پێخۆش بوو کە نامەکەی رۆژی ١٢ی شوباتی جۆنی گراهامم بینی، کە تەنیا شتێکی کەمم بۆ دەخرێتە سەری.

٢. هەرچەندە هەموو زانیارییەکانم بە ناچارییەوە بێ سەرچاوە و بێ بنەمایەکن کە لێم وەرگرتبێ، بەڵام پێم وایە جەلال تاڵەبانی تا ئێستاش ژمارەیەکی بەرچاو شوێنکەوتوی هەیە و، تا ئێستاش –یاخود دووبارە– لەلایەن سورییەکانەوە پشتیوانی لێ دەکرێت. وا دەردەکەوێت کە بەتایبەت کەسێك بێت زۆر بجولێت، بە سوریا و کوردستانەکانی تورکیا و عێراق و ئێراندا دێت و دەچێت. راپۆرتی پچڕپچڕمان پێ دەگات کە پارتیزانەکانی چەند پێکدادانێکی لاوەکییان لەگەڵ پشتیوانانی بارزانیی و هەروەها هێزەکانی عێراقدا هەبووە. (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ەکەی لە ساڵی ١٩٧٥ دا لە دیمەشق دامەزراندووە.

٣. تاڵەبانیی و بارزانییەکان کوردی عێراقن و کاتێ شەڕی یەکتری نەکەن، ئەوکاتە ئامانجی سەرەکییان حکومەتی عێراقە. لە شەڕەکەی ساڵانی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ دا پێکەوە دژی عێراقییەکان شەڕیان کرد و, لەوکاتەشەوە چەند هەوڵێکی ئاشتی دراون کە هیچیان بەرهەمێکیان نەبووە. بەهۆی ئەوەی کوردەکان حەزێکی زۆریان لە شەڕی خێڵەکییە، بۆیە پێدەچێت بارزانییەکان بەباشی روبەڕوی قاسملوو ببنەوە, بەڵام من گومانی ئەوەم هەیە و –ئەم گومانەش تەنیا بۆچوونی رووتە– کە ئامانجی سەرەکییان لە وەرگرتنی چەك و پارەی ئێرانی ئەوەبێت کە پێگەی خۆیان لە عێراق بەهێز بکەن.

دڵسۆزی هەمیشەییت،

ئالێك

ئەی. جەی. دی. سترلینگ

وێنەیەك بۆ: سێر جۆن گراهام کەی. جی. ئێم. سی تاران, بەڕێزان: ئەنقەرە و دیمەشق

"بەلگەنامەکانی ئازاری ١٩٨٠"

-------

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێلز
لەندەن SW1A 2AH
١٨ی ئازاری ١٩٨٠

بەڕێز ئێس ئار جەی بارێت
ئەنقەرە

بەڕێز ستێڤن
کوردەکان

١. زۆر سوپاس بۆ نامەکەت کە رۆژی ٢٦ی شوبات رەوانەت کردبوو. دیارە تائێستا نوسخەیەك لە نامەکەی رۆژی ٢١ی شوباتی منت بینیووە کە بۆ سێر جەی گراهامم نووسیوە و، تیایدا هەولّم داوە جەخت لە هەندێك لەو بۆچونانەی بکەمەوە کە لەبارەی گروپە سیاسییە جیاوازەکانی کوردەوە هەیبوون.

٢. سەبارەت بەوەی کە هیچ بەڵگەیەك نىیە بیسەلمێنێت کە کوردانی ئێران پشتیوانییەکی بەرچاو لە براکانیانەوە لە تورکیا وەربگرن، بۆچونی تۆمان بەلاوە گرنگە. ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو مەیلەی ئێستامانە کە زیاتر تەرکیز دەکەینە سەر گروپە خێڵەکییە ئێرانیی و عێراقییەکان و بە گرنگتریان دەزانین. لەگەڵ ئەوەشدا، پەیوەندییە تورکییەکە بە گرنگ دەزانین و نابێت نادیدەی بگرن، بۆیە دەبێت زۆر

سوپاسگوزار بین سەبارەت بە وەرگرتنی زانیاری لەبارەی هەر ئاماژەیەك بە بایەخی کوردەکانی تورکیا لە بەهێزترکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا.

دڵسۆزی هەمیشەیت

دەیڤد

ئەیچ دی ئەی سی مایەرز

بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

وێنەیەك بۆ بەرێزان: تاران, بەغدا,SED و بەشی لێکۆڵینەوە.

**"بەڵگەنامەکانی نیسانی ١٩٨٠"**

**-----**

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵز

لەندەن SW1A 2AH

بەڕێز دی ئێن ڕێدەوەی

تاران

١ی نیسانی ١٩٨٠

حیزبی دیموکراتی کورد

١. باڵیۆز نوسخەیەکی لە راپۆرتی "تایبەت"ی کۆنگرەی حدك بۆ ناردین کە ١٠ی ئازاری رابردوو بەڕێوە چووە.

٢. ئەم راپۆرتە توشی سەرلێتێکچونی کردووم لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان حدك لەلایەك لەگەڵ حزبی تودە و، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا.

راپۆرتەکانی پێشووترم بەبیر دێتەوە کە حدك لە کۆنگرەکەیدا وتووێژی لەسەر بڕیارێك لەبارەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزبی تودەدا کردووە. ئەمەش لەگەڵ راپۆرتە "تایبەت"ەکەدا نایەتەوە. هەرچەندە رەنگە بڕیاری ژمارە ٥ی راپۆرتەکە کە جەخت لە دۆستایەتی حدك لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا دەکاتەوە، درێژەپێدانێکی مەترسیداری ئەم خاڵە بێت.

٣. هەر لەمبارەیەوە شتێکی جێگەی بایەخ ئەوەیە کە: حدك بە ئاشکرا پەیوەندی لەگەڵ چەپەکاندا هەیە و، چریکە فیداییەکان و کۆمەڵەش هەردووکیان پەیامی پشتیوانییان بۆ ناردووە. پێدەچێت ئەوان لەنێوان ئەم کارە و نەبوونی دۆستایەتییان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا، هیچ نەگونجاوییەك نەبینن. یاخود، بڵێی: ئەمانیش سیاسەتی هاوپەیمانێتی دووانەییان هەبێت! ؟

٤. دواجار، ئەمە جارێکی تر پرسیاری ئەوە دەهێنێتە ئاراوە کە: ئایا حدك بەڕاستی یارمەتی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە وەردەگرێت یان نا.
شتێکی سروشتییە کە دەنگۆکان زۆرن. بەڵام لە چاوپێکەوتنەکەی پاییزی رابردووی قاسملووەوە کە رایگەیاندبوو: ئامادەیە یارمەتی لە هەموو شوێنێکەوە وەرگرێت، بە یەکێتی سۆڤیەتیشەوە، کەچی هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستە لەبەردەستدا نىیە کە ئەم هاوکارییە لەئارادا بێت. شتێکی باشە کە بۆچوونی تۆ بزانم سەبارەت بە هەر گۆڕانکارییەك کە بەسەر بارودۆخەکەدا هاتبێت.

ئێس ئێم جەی لامپۆرت
بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست
وێنەیەك بۆ:PUSD.

باڵیۆزخانەی بریتانیا

تاران: ٩ی نیسانی ١٩٨٠

بەڕێز: ئێس ئێم جەی لامپۆرت و، بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و، ودك

بەڕێز ستێفن

کوردەکان

1.سوپاس بۆ نامەکەی رۆژی ١ی نیسانی ١٩٨٠. بەداخەوە زۆرێك لەو نوسراوە کۆنانەی کە لەسەر کوردەکان هەمانبوون، سەرەتای ئەمساڵ لەناو براون: هیوادارم ببوریت کە لە خوارەوە ئاماژە بە سەرچاوەکان نەدراوە و، رەنگە لە باسی ئەو پێشنیارانەی پێشتر باسمان لێوەکردن، لێدوانەکان دوبارەبونەوەیان تێدابێت.

2.لە راپۆرتی ژمارە ٣٣٦ ماندا، باسمان لەوە کرد کە حوجەتولئیسلام حاج شێخ حوسێن کرمانی وەکو نوێنەری تایبەتی خومەینی بۆ هەرێمە کوردییەکە دانراوە ((جێگەی ئیشراقی پڕ کردۆتەوە کە توشی جەڵتەی دڵ بووە و، دیارە وەفدەکەی فروهەر (هەرچەندە خومەینی پێشنیارەکەی فروهەری بۆ دەستلەکارکێشانەوە لە پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا رەت کردۆتەوە) بەم دواییە هیچی لەسەر نەبیستراوە)).

کرمانی بەم دواییە لە کوردستانەوە گەڕاوەتەوە و، لەوێ هەم عیزەدینی حوسەینی سەرکردەی ئایینی کورد و، هەم قاسملوی حدکی بینیوە. لێدوانی ناوبراو لەبارەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ ئەو دوو کەسەدا (هاوپێچکراوە) و، دەریدەخات کە حکومەت تا رادەیەك سەرکەوتوو بووە لەوەدا کە: ئێمە لە سەرەتای ئەمساڵدا بە سیاسەتی

حکومەتمان بەرامبەر کورد لەقەڵەمدابوو، ئەوەش بریتیە لە: لەتکردنی گروپە زۆرو زەوەندەکان کە پێکەوە لەژێر چەتری (وەفدی نوێنەرانی کورد)دا کۆبونەتەوە.

کرمانی هۆکاری نەگەیشتنە لێکگەیشتنێکی لەگەڵ حوسەینیدا بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە: عیزەدینی حوسەینی پێداگری کردووە لەسەر ئەوەی لە هەر دانوستانێکی نێوان حکومەت و کوردەکاندا دەبێت نوێنەری هەموو گروپە سیاسییە کوردەکان بەتایبەت نوێنەرانی (کۆمەڵە و چریکهای فیدائیانی خەڵق) بەشدار بکرێت.

ئەمە لەکاتێکدا کە کرمانی پێی لەوە داگرتووە کە حکومەت تەنیا مامەڵە لەگەڵ (حدك) دەکات چونکە هەموو گروپە کوردییەکانی تر "دژی ئایین"ن و، باسی لەوەش کردووە کە عیزەدینی حوسەینی لە قۆناغی ئێستادا پشتیوانی لە کۆمەڵە دەکات نەك لە حدك. (ئەمە کۆکە لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنەی کە دەیڤد مایەرز لە راپۆرتی رۆژی ٢١ی شوباتدا بۆ باڵیۆزی رەوانە کردبو).

رون نیە ئایا هیچ پێشنیارێکی نوێ خرابێتەروو یان گەیشتبنە هیچ رێکەوتنێك، یاخود چۆن لەم قۆناغە دەرباز ببن.

لەبەر ئەوەی کرمانی نوێنەری خومەینییە، بۆیە پێم وایە کە: فرمان لە خومەینی وەردەگرێت نەك لە بەنی سەدر، بەڵام سەرقاڵی بە رووداوەکانی ترەوە رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە تا ماوەیەکی دیکە هیچ شتێك دەرنەکەوێت.

3.هەرچەندە لەم کاتەدا گەیشتنی زانیاری لە کوردستانەوە قورسە، بەڵام گومانم لە ئاستی ئەو کەلێنە هەیە کە کەوتۆتە نێوان لایەنەکانەوە.

هەرچەندە پێدەچێت (حدکا) سەربەخۆ کارەکانی راپەڕێنێت، بەڵام من پێشم وایە: دەبێت چاوەڕێ بکەین تاوەکو بەریەککەوتنی ئاشکرا بکەوێتە نێوان حدکا و گروپەکانی وەك (چریکها و کۆمەڵە)، پێش ئەوەی وا دابنێین کە ئەم دورکەوتنەوەیە

رویدایووه یاخود وا دابنێین کە گروپەکانی تر ناڕەزاییان بەرامبەر چالاکییەکانی حدکا هەیە.

رەنگە قسەکانی رۆژی ٤ی قاسملووت لە یاد بێت (راپۆرتمان ژمارە ٢٤٧) کە وتی: حدکا سەربەخۆیانە دانوستان لەگەڵ حکومەتدا دەکات، ئەوەش بەهۆی ئەو بنبەستە ئاشکرایەی کە لە نیازپاکیی وەفدی حکومەتدا هەیە بەرامبەر وەفدی نوێنەرانی کورد.

ئەوە راستە کە کرۆکی داواکارییەکانی حدکا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ داواکارییەکانی وەفدی نوێنەرانی کورددا نیە.

بەدڵنیایشەوە هیچ گروپێکی دیکەی کورد تا ئێستا بەدیاریکراوی ئەوەی رەت نەکردۆتەوە و، رەنگە لە ڕاستی دا ئەوە بۆ گروپەکانی دیکەش گونجاو بێت کە جۆرە وتووێژێکیان لەگەڵ حکومەتدا بمێنێت، بەتایبەتی چەپەکان و ئەو گروپانەی کە کەمتر لە حدکا لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە قبوڵ دەکرێن. بەڵام دیارە لەگەڵ تاراندا بەرهەمی نابێت (بڕوانە نوسخەی لێدوانی هەفتەی رابردووی قاسملوو کە هاوپێچ کراوە).

لە هەموو ئەو گروپە کوردییانەی کە لە نامەکەی رۆژی ١٢ی شوباتی باڵیۆز و نامەکەی ٢١ی شوباتی دەیڤد ماریەرزدا ریز کراون، بەدڵنیاییەوە حدکا لە هەمویان کەمتر لەلای رژێمی ئێستا بێزراوە (دیارە ئەم قسەیە گروپی پێشمەرگەی کوردی مسوڵمان ناگرێتەوە چونکە ئەوان پشتیوانی لە حکومەت دەکەن).

هەرچەندە گومان لەوەدا نیە کە حدکا مەیلی چەپگەرایی هەیە (بە لەبەرچاوگرتنی مێژوی کۆماری کوردستان لە مهاباد ئەستەمە وا نەبێت). بەڵام کرمانی جەخت لەوە دەکاتەوە کە حدکا توانیوێتی خۆی لەوە بپارێزێت کە وەکو گروپێکی "دژی ئایین" تەماشا بکرێت.

قاسملوو هەمیشە ئازارێکی زۆر قوڵی چەشتووە تاوەکو جەخت لە وەفاداریی حزبەکەی بکاتەوە بەرامبەر بە پاراستنی سنورەکانی ئێستای ئێران و بەرامبەر بە شۆڕشی ئیسلامی: لە لێدوانەکەی هەفتەی رابردویدا باسی لەوە کردووە کە خولی ئێستای روبەڕوبونەوەکانی کورد لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا تەنیا قۆناغێکی ئەو خەباتەیە کە چەندین ساڵە بەردەوامە و، نابێت وەکو تەحەدایەك تەماشا بکرێت کە بەتایبەتی روبەڕوی سیستمی نوێ دەکرێتەوە .

من ئەو مشتومڕە نایابە فارسییەی قاسملووم بەدڵ بوو، کە بەرامبەر ئەو داوایەی بەنی سەدر خستیە روو، کە لە وتاری رۆژی کۆماری ئیسلامیدا لە ١ی نیسان پێشکەشی کردبو و، گوتبوی کە دەبێت هێزە "نافەرمییەکان" چەکەکانیان دابنێن .
قاسملوو دەڵێت: لە کاتێکدا حدکا وەك هەڵبژێردراوێکی خەڵك بە کردار بووەتە دامەزراوەیەکی "فەرمی" لە کوردستان، بۆیە حدك خۆی دژی ئەوەیە گروپە "نافەرمی"یەکانی دیکە چەکیان هەڵگرتبێت: بەڵام ئەوانی دیکە چەکەکانیان دانانێن.

4.ئەم لێدوانەی بەنی سەدر، کە لەوانەیە بیرۆکەی چاوپێکەوتنەکەی قاسملوی بەدوای خۆیدا هێنابێت، لە دژی ئەو روداوە توندوتیژە بەربڵاوانە بوو کە لە کوردستانەوە راپۆرتیان لەسەر دێت و، توندترین لێدوانی بەنی سەدر بووە تا ئەو کاتە کە لەسەر نائارامییەکانی ئەو پارێزگایە هەیبووبێت.
ئەم لێدوانە چەپڵەیەکی زۆری ئامادەبوانی مەیدانی ئازادی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەو بەڵێنی دا کە هێزە چەکدارەکان ئەو گروپانە سەرکوت بکەن کە چەکەکانیان دانانێن و، کەسانی وەفاداری ئەو ناوچانە نین کە چالاکیی تێدا ئەنجام دەدەن (بۆیە قاسملوو ئەو لێدوانەی سەرەوەی داوە).
دەکرێت لەکاتێکدا بەنی سەدر بە راستگۆیی قسەی کردبێت، پێویستی بەوە بووبێت کە ئەم دێڕە توندە بەکاربهێنێت، هەروەك چۆن هەمیشە راشکاو بووە سەبارەت

بەوەی کە پێیوستە ئەو دامەزراوانەی کە بەرپرسن لە سەپاندنی یاسا و نەزم دا (بەتایبەتی پاسداران) کەموکورپییەکانی خۆیان چارەسەر بکەن و، لە چوارچێوەی یاسادا بجوڵێنەوە. بەنی سەدر کاتێ باسی لەم بابەتە کردووە، نەیتوانیوە باس لەو سزایانە بکات کە روبەڕوی ئەو گروپە "نافەرمی"یانە دەبێتەوە کە چەك دانانێن.

5. رەنگە بەنی سەدر لە خراپتربونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق نیگەران بوویێت. جێگەی سەرنجە کە بزانیت دارمانەکەی چەند رۆژی رابردوی ناوچەکە، کە لە راپۆرتی سەربەخۆدا باسی دەکەین، چ کاریگەرییەکی لەسەر پرسی کورد دەبێت.
رەنگە کوردەکان لێدوانی شەڕەنگێزانە دژ بە عێراق بڵاو بکەنەوە بۆ ئەوەی وەفادارییی خۆیان بۆ حکومەتی ئێران نیشان بدەن.
لەگەڵ ئەوەشدا گومانم هەیە کە کوردەکان بیانەوێت زیان لە باشترین هیوایان بدەن، ئەگەر نەڵێین باشترین دابینکەری چەك و هاوکارییەکانی دیکە و، هەروەها رەنگە جیاوازیکردنیان بەلاوە سەخت بێت لەنێوان: ئەو جموجوڵانەی هێزە ئێرانییەکان "بۆ روبەڕوبونەوەی مەترسییەکانی عێراق" ئەنجامی دەدەن لەگەڵ ئەو جموجوڵانەی کە مەبەست لێی لێدانی هێزە کوردییەکانە..
بە هەمانشێوە، رەنگە حکومەتی ئێران هەوڵ بدات کورد و عێراقییەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە و، کوردەکان بە ناپاك لەقەڵەم بدات، کە بەجۆرێکە لە هەموو سنورێکی قبوڵکردن بچێتە دەرەوە.
ئەگەر ئێران پێشبینی ئەوە بکات کێشەی جددی لەگەڵ عێراقدا ببێت، ناتوانێت کوردانی سەر ئەم سنورە کە بەزۆری ناڕازین نادیدە بگرێت. رەنگە ئەمەش بەشێك لە هۆکاری پشت لێدوانە زۆر توندەکەی بەنی سەدر بەرامبەر بە کوردەکان بێت. ناوچەکە ئاڵۆزە و، پێم گوتراوە: (بۆ نمونە لە قروە وە) کە شەڕی گەورەتر چ لەنێوان گروپە کوردییە جیاجیاکاندا یاخود لەنێوان کوردەکان و هێزەکانی حکومەتدا بەدڵنیاییەوە رودەدات. هەڕەشەکانی بەنی سەدر نەبۆتە هۆی ملکەچبوونی زیاتری کوردەکان.

6. لە نامەکەتدا پرسیوتە ئایا حدکا کۆمەك لە سۆڤیێت وەردەگرێت یان نا. من ناتوانم لەمڕووەوە یارمەتیت بدەم و، بەم دواییەش هیچ رۆژنامەنوسێك لە ناوچەکە نەبووە کە بتوانم ئامۆژگاریی لێ وەربگرم.

من بە هەمان ئەندازە لە پێگەیەکی خراپدام کە بتوانم ئاستی کۆمەکەکانی عێراق و، هەر زیادبونێکی ئەم کۆمەکانە لەگەڵ دۆخە رووڵەخوارەکەی ئێراندا بخەملێنم. لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانیت تێبینی بکەیت کە قاسملوو بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەگەری کۆمەکی دەرەکی رەت ناکاتەوە کاتێ کە دەڵێت "کوردەکان پشتیوانی سەرەکیمانن" (جەختکردنەوەکە لە منەوەیە)، هەروەها دەڵێت: ئەگەر کۆمەکی پێشکەش بکرێت رەتی ناکاتەوە.

بەڵام بەدڵنیاییەوە کەشوهەوای ئێرە بەشێوەیەکی ریشەیی جیاوازە لەوەی پاییزی رابردوو: ئێستا هیچ کەسێکی ئاقڵ بەئاشکرا باس لەوە ناکات کۆمەك لە سۆڤیێت وەربگرێت و، لەبەر هەمان هۆکار، بوونی پەیوەندی لەگەڵ تودە دا جێگەی شەرمەزارییە: چریکەکان و کۆمەڵە لە ئایدۆلۆژییادا چەند پەڕگیر بن، بەڵام بەگشتی وەکو حیزبی تودە بە نۆکەری هێزێکی دەرەکی لەقەڵەم نادرێن.

7.بۆ ئاسانکاری سەرچاوە نوسخەی نامەکەی تۆ دەنێرم بۆ ئەوانەی کە رەنگە هێشتا نەیان بینیبێت (بەغدا، واشنتۆن، مۆسکۆ، ئەنقەرە).

دڵسۆزی هەمیشەییت،

ئێس ئی بیگنز

لەبری: دی ئێن رێدەوەی

وێنەیەك بۆ: PUSD ، سی جەی ئێس رەندڵ ئار دی، بەڕێزان: بەغدا، ئەنقەرە، واشنتۆن، مۆسکۆ. نهێنی.

"بەلگەنامەکانی ئایاری ١٩٨٠"

------

لە: دی ئێن – تارانەوە

فایل: NFR

٧ی ئایاری ١٩٨٠

بۆ: بەڕێز ئێس. ئێم. جەی لامیۆرت. بەشی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، ودك.

وێنەیەك بۆ: بەڕێزان بەغدا، ئەنقەرە، واشنتۆن، تاران. راپۆرتی ژمارە ٥٠١، ٥٠٧، ٥١٨، ٥٢٥.

کوردستان و ئازربایجان

١. ئێمە لە ڕاپۆرتەکانی پێشووماندا باسمان لە بەردەوامی و هەڵکشانی نا ئارامییەکانی کوردستان کردووە. رەنگە حەزبکەیت چەند تێڕوانینێکی دیکەت بێتە بەردەست، بەڵام دیارە دەستکەوتنی راستی بەڵگەدار لەبارەی بارودۆخەکەوە کارێکی سەخت بێ و هیچ راپۆرتێکی دیکەمان نی‌یە پشتی پێ ببەستین.

٢. کوردەکان لێشاوێکی زانیاری دەدەن بە BBC (راپۆرتی ژمارە ٥٠٧ی تاران، سنوردار) و بە زۆری هەموو زانیارییەکانی حکومەت و سوپا لە بارەی خۆیانەوە ڕەت دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە: زانیاری کوردەکان لەبارەی شەڕەکانەوە بەگشتی راستن. (بۆ نمونە، ئەو پەیامنێرەی DPR کە لەسەر ئەم بابەتە دەرکرایە دەرەوە، راپۆرتێکی بەکارهێنابوو کە دەڵێت: هێزەکانی حکومەت ناپاڵمیان بەکارهێناوە، کاتێکیش قاسملوو رووبەڕووی ئەم زانیارییە کرایەوە رەتی نەکردەوە).

ئەگەر ئەمە وابێت، بە روونی دەردەکەوێت کە هێزەکانی حکومەت بە هیچ شێوەیەك نزیك نین لەوەی لە رێگەی سەربازییەوە چۆك بە کوردەکان دابدەن.

سەرەڕای هەوڵە گەورەکانیان کە لە چەند هەفتەی رابردوودا ئەنجامیان دا. تاکە سەرکەوتنی دیاریان بریتی بووە لە گرتنەوەی سەنەندەج، کە ئەویٚ تاکە شاری کوردەکانە کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بێت. دیارە قاسملووی ڕێبەری (حدکا) رەخنە لەوە دەگرێت کە: "کۆمەڵە تاکە گروپی کوردییە لە سەنەندەج لقی هەبێت، کەچی لەویٚ بووەتە مایەی تەشەنەسەندنی زیاتری شەڕ" (سەردانکەرێکمان کە بەم دواییە لەو ناوچەیە بووە دەڵێت: ئەو زیانانەی کە بەر سەنەندەج و (سەقز) کەوتوون زۆر توندن و، ئێستا ٢٥ هەزار ئاوارەی ئەو دوو شارە لە کەمپێکی ژێر دەسەڵاتی کوردەکاندا لە باکوری نەغەدەوە نیشتەجێن). لە شوێنەکانی دیکە کوردەکان رازیین بەوەی کە یەکە سەربازییەکان لە بارەگاکانیاندا لە قەراغ شارەکان سنوردار بکرێن و، تا رادەیەکی زۆر لێیان دوربکەونەوە و, هاوکات بۆسە بۆ ئەو هێزانە دابنێن کە بە رێگا کراوەکاندا تێدەپەڕن. تاکە سەربازگە کە بە جددی دەیانەوێت بیگرن ئەوەی (بانە)یە، کە وا گریمانە دەکرێت پڕبێت لە چەك و تەقەمەنی و تەنانەت موشەکی SAM7یشی تێدا بێت.

٣. ئاریڤ "عارف" (ARIVH) هێزێکی لە سەربازگەی قەزوینەوە ناردووە بۆ پشتیوانیکردن لە بانە و، فەلاحی کە فەرماندەی هێزە زەمینییەکانە، کاردانەوەیەکی دوژمنانەی بەرامبەر توندڕەوەکانی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی دەربڕیووە (کە دەستەیەکە راستەوخۆ دوای شۆڕش لە یەکخستنی ٧ گروپی گەریلایی دروست کراوە و لەژێر چاودێریی خومەینیدایە). ئەمەش کاتێك بوو کە پێشنیارێکی راگەیاند: دەبێت گروپە ئیسلامییەکان خۆبەخشانە یارمەتی سوپا بدەن (فەلاحی پێشنیاری ئەوەی کردووە کە تەقەکردنەکان زۆر لەوە چڕترن بتوانرێت هێلیکۆپتەر بنیشێنرێتەوە، بۆیە

خۆبەخشەکان دەبێت لە بەرزاییەوە لە هێلیکۆپتەرەکانەوە خۆیان هەڵبدەنە خوارەوە و، "لەمەش دا ئەگەری شەهیدبوون ئەوا پەنجا بە پەنجایە ! !").

واش دەردەکەوێت کە لە کوردەکان ترسابن و، جار لە دوای جار ئەم هێزی فریاکەوتنەیان لە رێگەی (خانێ) کە ٥ کم لە بانەوە دوورە، خستۆتە بۆسەوە و، لە رۆژی ٢٦ی ئایاردا گوتیان کە: ٥٨٠ سەرباز دەستگیر کراون. دیارە بەبێ شەڕ و تەنیا برینداربوونی ٥ سەربازیشی لێ کەوتۆتەوە. پێم وایە ئەمە هەمان ئەو هێزەیە کە بە بۆچوونی کوردەکان لەکاتی تێپەڕ بوونیشیاندا لە رێگایەکی ترەوە ٦٠ سەربازی تریشیان لەدەست داوە (راپۆرتی ژمارە ٥٢٥).

سوپا ئەم راپۆرتەی رەت کردەوە، بەڵام پێم سەیر نابێت ئەگەر ئەو هێزە بەئاسانی خۆیان بەدەستەوە دابێت، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوودڵییەی بەرامبەر شەڕکردن لە کوردستان هەیانە (بڕوانە ڕاپۆرتەکان). بەشێکی زۆری قسەوباسی کودەتا سەربازییەکەش بەندە بەم دوودڵییەوە، هەروەها بەندە بەو ناڕەزاییە بەربڵاوەی کە بەرامبەر بارودۆخەکە و بە رۆڵی سوپا لەئارادایە، هەرچەندە پێم وایە ئەم هەستە ... .

٤. ... کە بۆتە هۆی گەمارۆی ئابوری لەسەر شارە کوردییەکان و، لەسەر ئەوەش پارێزگار و سەرۆك شارەوانییە دەستگیرکراوەکان (راپۆرتی ژمارە ٥٢٥) بۆ دەربڕینی ناڕەزایی هاتنە تاران. هەرچەندە گومان لەوەدا نیە کە ئەم گەمارۆیە سەختیی و ناڕەحەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەڵام پێم وایە: پارتیزانەکان دەتوانن پێویستییەکانیان لە عێراق و تورکیاوە بەدەست بهێنن، لە کاتێکدا سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دورکەوتنەوەیە لە روبەڕوبونەوە لە شارەکان. ئەمەش بۆ دەرخستنی نیازپاکییە بەرامبەر سەلامەتی دانیشتوانەکانیان و بەدەستهێنانی پێداویستی لێیانەوە. بەڵام رەتکردنەوەی بەردەوامی ئەوەی کە ئەگەر پارتیزانەکان لە

شارەکان دور بکەونەوە شارەکان کۆمەکیان پیێ ناگەیەنن، ئەوا لەلایەن حکومەتەوە سەختتر دەبێت.

٥. لەنێوان حکومەت و وەفدە کوردییەکاندا وتووێژی پچڕپچڕ ئەنجام دراون، هەرچەندە لە سێ چوار هەفتەی رابردوودا وەفدە کوردییەکە کە نوێنەرایەتی ٣ گروپە سەرەکییەکەی کردووە (حدکا، چریکەکان و، کۆمەڵە) پێشنیاری هاوبەشیان بۆ ئاشتەوایی خستۆتە ڕوو، بەڵام حکومەت رەتی کردۆتەوە واژوی لەسەر بکات. هەرچۆنێك بێت، وتووێژەکان بە مانای پاشەکشەی حکومەت دێن کە لە رابردوودا رایگەیاندبوو: تەنیا لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا مامەڵە دەکات.
لە هیچ حاڵەتێکدا ئومێدم بەوە نیە کە بەنی سەدر یاخود فروهەر بتوانن رێکەوتنێك بەدی بهێنن کە توندڕەوەکانی تاران قبوڵی بکەن. OW راپۆرتی لەسەر لێدوانێکی مونتەزیری داوە (راپۆرتی ژمارە ٥٠١) و رۆژنامەی کۆماری ئیسلامی لە زاری پاسدارێکەوە کە ناوی نەهێنراوە دەڵێت: "پاسدارەکان خۆیان تەقە لە هەر وەفدێکی نیازپاکی حکومەت دەکەن کە دانوستان لەگەڵ گروپە چەکدارە کوردییەکاندا بکات".

٦. پێشتر چەند TIOیەکم نوسیووە سەبارەت بە هەوڵە ئاشکراکانی حکومەت بۆ لەتکردنی کوردەکان (پاشماوەکانی بارزانی کە ئێستا ئەوانیش لە ڕیزی پێشمەرگە موسوڵمانەکان دان و، هەرگیز لەو فیدراسیۆنە ناتوندوتۆڵەی دەوری عیزەدینی حوسەینیدا نەبوون). دیارە ئەم هەوڵانە بێئەنجام بوون، جگە لەو جیاوازییە ریشەییە ئایدۆلۆژیی و ئەو ناکۆکییەی لەسەر شەڕکردن یان نەکردن لە سەنەندەج دروست بووبوو. ئەو کاتەی شەڕەکە دەستی پێ کرد چریکە فیدایەکان تا راددەیەك متمانەیان لەدەستدا، لەبەر ئەوەی نەیتوانی دەستبەجێ بە هانای گروپەکانی دیکەوە بچن (دیارە چاوەڕێی فەرمان بوون کە لە ناوەندەوە پێیان بگات).

کۆمەڵە، کە پشتیوانییەکی جەماوەریی کەمی لەو ناوچەیە هەیە، گەورەترین گورزی بەرکەوتووە بە بەراورد بە قەبارەکەی خۆیان و، بڕواش وایە کە گروپەکانی تر زۆر لەوە دوودڵ بن کە راستەوخۆ روبەڕوی سوپای پاسداران ببنەوە. (دابەشبوونی هێزەکان بەمجۆرەیە: ٩٠٪ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ٥٪ چریکە فیداییەکان و ئەوانی تر – کە پێگەی ئەم دووانە لە مهابادە و، ٥٪ کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان). ئەم گروپانە لەیەك بەرەدا بجەنگن یان نا، ئەوا بە دڵنیاییەوە هێشتا نەکەوتوونەتە شەڕی یەکتری.

٧. بەگشتی، هیچ ئاماژەی رێکەوتنێك نابینم و، پێشبینی دەکەم لەو ناوچانەدا کێشەی زیاتر روودەن. ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ چاوەڕوانیی یەکە سەربازییەکان بۆ خزمەتکردنیان لە کوردستان. ئەگەری زۆرە کێشەکە بپەڕێتەوە بۆ ئازربایجان.

پێم گوتراوە کە لە شاری تەبریز، لە دوای لەسێدارەدان و زیندانی کردنی چەند سەرکردەیەکی MPRP ەوە زۆر ئالۆز بووە و، سەرکوتکارییەکی توند و بێزارکەری تێدایە. رەنگە ئەمەش فەرمانەکەی دوێنێی خومەینی روونبکاتەوە کە بۆ موسەوی داواکاری گشتی شۆڕشی شاری تەبریزی ناردووە و، فەرمانی پیٚ دەکات کە لە پۆستەکەی خۆیدا بەردەوام بێت و، واز لە کورسیی پەرلەمان (مەجلیس)ەکەی بهێنێت.

تۆماری بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تکایە بیگەیەنە بە واشنتۆن.

واژوو: دی ئێن رێدەوەی

**"بەڵگەنامەکانی حوزەیرانی ١٩٨٠"**

**-----**

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

تاران

١٥ی حوزەیران ١٩٨٠

بەڕێز ئێس ئێم جای لامپۆرت

بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنویڵز

بەڕێز ستیفن،

کوردەکان

١. بارودۆخی کوردستان هێشتا ناجێگیرە و، ئەگەری ڕێکەوتن بەدی ناکرێت. تێهران هێراڵد (کە هەفتەنامەیەکی نویێە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت) بەم دواییە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دوو کاریگەرترین سەرکردەکانی کورددا کردووە کە بریتین لە قاسملو و شێخ عیزەدینی حوسەینی، هاوپێچیان دەکەم.

٢. ئەم چاوپێکەوتنانە تێڕوانینی کورد دەردەخەن سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەچوونی دانوستانەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوەند. بابەتی بەسودی تێدایە کە مەبەستی کورد لە ئۆتۆنۆمی چییە، یەکێك لە داواکارییەکان ئەوەیە: پۆلیس و ژاندارمری بە تەواوی لە پێشمەرگە کوردەکان پێك بهێنرێن. نە حوسەینی و نە قاسملوو هیچیان باس لە جیابوونەوە ناکەن.

قاسملوو تیشکێکی زیاتر دەخاتە سەر پەیوەندیی نێوان گروپە کوردەکان، بۆ نمونە: پەیوەندی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و چریکە فیداییەکان و، بە پەیوەندییەکی باشتر ی دادەنێت هەتا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵە (ی ماوی)دا.

٣. هیچکام لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کراوەکان ددان بە وەرگرتنی کۆمەکی دارایی لە دەرەوەی ئێراندا نانێن.

دڵسۆزی هەمیشەییت

کریس

سی جەی ئێس رەندڵ

وێنەیەك لەگەڵ هاوپێچەکان بۆ: بەڕێز بەغدا, بەڕێز ئەنقەرە, بەشی لێکۆڵینەوە و، وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێلز.

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

تاران

١٨ی حوزەیرانی ١٩٨٠

بەڕێز ئێس ئێم جەی لامپۆرت

بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵز

لەندەن SW1

بەڕێز ستێفن،

کوردەکان

١. بڕگەیەك هاوپێچ دەکەم دەربارەی جیابوونەوەی ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە و، ناوی ئەو کەسانەی تێدایە کە لە کۆمیتەی ناوەندەی ئەو حیزبەدا کشاونەتەوە. جێگەی سەرنجە یەکێك لەو کەسانە غەنی بلوریانە، ئەو کەسە بۆ (مەجلیس) هەڵبژێردرابوو، بەڵام بە هۆکارێکی نادیار، لەو لیستەدا دەبینرێت.

٢. ئاشکرایە کە گروپەکەی غەنی بلوریان سیاسەتێکی میانڕەوتریان لە سەرکردایەتییەکەی قاسملوو بەلاوە باشترە. ئەوان بۆ دەرچوون لەم بنبەستەی ئێستا ئەوا گفتوگۆ و دانوستاندنی راستەقینە بە پەسەند دەزانن. هاوکات، لە ریزەکانی چریکە فیداییەکانی خەلقیشدا جیابوونەوە رویداوە، "کەمینە"یەك جیابوونەتەوە کە رۆژنامەکەیان لە لامانە. ئەم گروپە لەگەڵ ئەوەدان لەڕێگەی دانوستانەوە رێکەوتن بەدی بهێنن.

حزبی تودە، کە ئەویش رێککەوتن بە پەسەند دەزانێت، ئاماژەی دۆستانەی بۆ ئەم "کەمینە"یە ناردووە و، ئەم بابەتی جیابوونەوەیەی ناو چریکە فیدایییەکانی بەتەواوی بەناو خەلکدا بلاو کردۆتەوە.

دلسۆزی هەمیشەییت،

کریس

سی جەی ئێس رەندلّ

وێنەیەك بۆ: بەرێز بالێۆزخانەی بریتانیا, بەغدا.

## هاوپێچ: ناکۆکی لەناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

شەش سەرکردە کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانن، لە حزبەکە جیابوونەتەوە و گروپێکی نوێیان دامەزراندووە. کەسەکان ئەمانەن:

غەنی بلوریان: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی.
د. رەحیم سەیف قازی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی.
خاتو فەوزیە قازی: کە هاوکات بەرپرسی رێکخراوی ژنانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە.
نەڤید موعینی: ئەندامی کۆمیتەی ناوندی.
ئەحمەد عەزیز: بەرپرسی لقی سەنەندەج.
فاروق کەیخوسرەوی: بەرپرسی لقی سەقز.
هێمنی شاعیر: ئەندامی شەرەفی کۆمیتەکەیە.

گادانی کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (پارس) رایگەیاندووە: هێشتا ١٩ ئەندامی دیاری سەرکردایەتی ماونەتەوە کە یەکێکیان د. قاسملووە. گادانی گوتوویەتی: ئەو شەش کەسەی باس دەکرێن پێشتر لە حزبەکە دەرکراون و، لە بڕیارەکانی کۆنگرەی چواری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لایانداوە.
لەلایەکی ترەوە، غەنی بلوریان رەتی کردەوە کە دەرکرابێت و رایگەیاند: گروپەکە بۆیە لە حیزبی دیموکرات جیابووەتەوە چونکە حزبەکە لە بڕیارەکانی کۆنگرەی چوار لایداوە. ناوبراو جەختی کردەوە گروپە نوێیەکە لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوام دەبێت کە لە کۆنگرەی چواری پارتی دیموکراتی کوردی ئێراندا داڕێژراوە.

**"بەڵگەنامەکانی تەمووزی ١٩٨٠"**

**-----**

نهێنی

جی پی ئێس ١٠

لە: UKMIS جنێف 16472Z

٢٢ ی تەموزی ٨٠

بەپەلە بۆ: وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵز

راپۆرتی ژمارە ٣٣٦ی رۆژی ٢٢ی تەموز

زانیاری بەپەلە تاران، ئاسایی بۆ بەغدا.

لەسێدارەدانی پەنابەری عێراقی:

١. بەشی پاراستنی UNHCR پێی راگەیاندوین کە نوێنەری کاتییان لە لەندەن، کە ناوی گریکە، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆدا لەبارەی سامی رەحمان لە پەیوەندییدا بووە، کە ناوبراو کوردێکی عێراقە و دەگوترێ کە لەژێر هەڕەشەی لەسێدارەداندایە. دیارە ناوبراو پێشتر رێگەی پێدراوە وەکوو پەنابەر بچێتە شانشینی یەکگرتووەوە، بەڵام دواتر لەسەر دەستپێشخەری خۆی گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و، پاشانیش چۆتە ئێران. حکومەتی مەزنی بریتانیا دەڵێت: ئامادەیە ناوبراو بگەڕێنێتەوە.

٢. گریک پرسیاری لە بارەگاکانی UNHCR کردووە کە ئایا دەتوانن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێراندا قسە بکەن و، نەهێڵن رەحمان لەسێدارە بدرێت. UNHCR پێی راگەیاندوین: لەئێستادا دەسەڵاتیان نیە و دەپرسن ئایا شانشینی یەکگرتوو (دەولەتی مەزنی بریتانیا) کاری بۆ دەکات یان نا. ئێمە هیچ هانێکی UNHCRمان

نەداوە کە ئەم ئەگەرە بە کردارییی بزانن. رەنگە گریك بە هەمان داواکاریەوە ڕووبکاتە بەشەکەوە !

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێلز تکایە ئەمە بدرێت بە: ئار مەکدۆێڵ، وەزارەتی ناوخۆ, مارشاڵ, دۆسیەکان: بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست, MVD, بەشی نەتەوە یەکگرتووەکان.

مستەر جەی سی مۆبرلی

مستەر لامپۆرت (MED W 92)

UNHCR: مستەر سامی رەحمان

١. باسمان لەوە کرد کە مستەر وێسڵی گریك کە نوێنەری کاتیی UNHCRە لە لەندەن تەلەفونی کردووە و باسی مستەر سامی رەحمانی کردووە کە کوردێکی عێراقییە. مستەر گریك سەبارەت بەم بابەتە هەوڵی دابوو بەتەلەفون قسە لەگەڵ مستەر ئەینجڵی سەرۆکی بەشی BI لە وەزارەتی ناوخۆ بکات، بەڵام وەڵامی نەبوو بوو.

٢. مستەر رەحمان لە شانشینی یەکگرتوو (دەولەتی مەزنی بریتانیا) پەنابەرێتی پێ دراوە. پاشان شانشینی یەکگرتووی بەجێ هێشتووە و، چۆتە تاران و، لەوێ سەرقاڵی چالاکی سیاسیی بووە. بۆیە وەزارەتی ناوخۆ ئەمجارەیان رەزامەندییان لەسەر رێگەپێدانەوەی ناوبراو بۆ شانشینی یەکگرتوو دەرنەبڕیووە.
بەڵام پاش هاتنە ناوەوەی سێر جەی گراهام بۆ ناو ئەم کەیسە، رەزامەندییان لەسەر رێگەپێدانەوەی ناوبراو دەربڕیووە. ئێستا مستەر رەحمان لە ئێران زیندانی کراوە و مەترسی ئەوەی لەسەرە لە سێدارە بدرێت.
جاکسۆن کە سەرۆکی (پاراستن)ی UNHCRە لە جنێف ئەم کەیسەی وەرگرتووە. بە کورتییەکەی UNHCR دەیەوێت شانشینی یەکگرتوو قسە لەگەڵ ئێرانییەکاندا بکات لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئێمە رەزامەندین رێگە بە ناوبراو بدەینەوە بۆ ناو شانشینی یەکگرتوو بگەڕێتەوە.

٣. من لە قسەکەی دوێنێ شەوی تۆ، ئەوە تێ گەشتم کە لەوە دەچێت ئەم کارە نەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، سوپاسگوزار دەبم ئەگەر تۆ یان مستەر رەی، کە نوسخەیەك لەم راپۆرتەشی بۆ دەنێرم, بەڵکوو لەم بارەیەوە چەند راپۆرتێکی لەبەردەستدا بێت، کە بتوانن راستەوخۆ پەیوەندی بە UNHCRەوە بکەن، (ژمارە تەلەفونی مستەر گریك بریتییە لە ٣٠٦٥ ٢٢٢ –٠١) و تێی بگەیەنن کە بۆچی ناتوانین یارمەتی بدەین. چونکە وەزارەتی ناوخۆ لە نزیکەوە لەم بابەتەدایە، بۆیە لەوانەیە حەز بکەیت پێش ئەوەی پەیوەندی بە UNHCRەوە بکەیت، قسە لەگەڵ ئەواندا بکەیت (ژمارە تەلەفونی مستەر ئەینجڵ بریتییە لە ٠٣٣٣ ٦٥٦ –٠١ پاشکۆ ٢٣٤١).

٢٣ی تەموزی ١٩٨٠

مسز جی تەکەر

بەشی نەتەوە یەکگرتووەکان

وێنەیەك بۆ: مستەر رەی (MED W 97).

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

تاران

٢٤ی تەموزی ١٩٨٠

بەڕێز ئێس ئێم جەی لامپۆرت

بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵز

بەڕێز ستیفن،

قسەکانی رۆژی ٢٠ی تەموزی خومەینی

١. لە نامەکانی ژمارە ٦٥٦ و ٦٥٩ دا بڕگە گرنگە قسەکانی رۆژی ٢٠ی تەموزی خومەینیم باس کردووە.

٢. لەسەر بنەمای وردێتی مێژویی، رەنگە سەبارەت بە ئاماژەکەی خومەینی بە کێشەی کورد بتوانرێت باس لە خاڵێك بکرێت. هەروەك لە بڕگەی ژمارە ٧ی راپۆرتی ٦٥٦دا ئاماژەم پێ داوە، یەکێك لەو رووداوانەی کە بەبێ گومان توڕەییەکەی خومەینی تەقاندۆتەوە کوشتارکردنی ئەم دواییەی پاسدارەکانە لە کوردستان و لە بەلوچستاندا. ناوبراو "رەشەکوژی"ی پاسدارەکانی بۆ ئەو راستییە گەڕاندەوە کە رژێمەکەی نەیانهێشتووە شۆڕشەکە بە ئاراستە دروستەکەیدا بچێت، هەروەك وتوویەتی: "ئەگەر ئەو رۆژەی ویستیان بچنە کوردستان بۆ دانوستاندن ئەوەمان بکردبایە، دەبوو ئەوەم بیر بخستنایەتەوە کە ئەگەر دانوستانیان دەوێت ئەوا ئێمە دەبێت لە پێگەی دەسەڵاتەوە قسەیان لەگەڵ دا بکەین". لەگەڵ ئەوەشدا، خومەینی دەڵێت: "لەم رووەوە کەمتەرخەمی کرا"، ئەنجامەکەش ئەوەیە کە رژێم ئێستا روبەڕوی سەختییەکی درێژخایەن بۆتەوە و، ئەم زیانانەی کە باسکراون لێ کەوتووەتەوە.

٣. وەك بە بیرتاندا دێت، زنجیرەی بەرفراوانی ڕووداوەكان لە كوردستان لەو ساتەدابوو كە لە ساڵی رابردوودا كێشە دەستی پێ كرد. كاردانەوەی دەستبەجێی دەسەڵاتداران ئەوەبوو: سیاسەتێكی توندی سەركوتكردنی سەربازییانە بگرنە بەر. خودی خومەینی پشتیوانێكی گەورەی ئەم هێڵە بو و، بە شێوەیەكی هەژێنەریش بانگێشتی خەڵكی ئێرانی دەكرد ڕووەو كوردستان پێشڕەوی بكەن و، یاخیبوونەكە سەركوت بكەن. تەنیا ئەو كاتەی كە شكستهێنانی ئەم سیاسەتە ئاشكرابوو، ئینجا هەنگاوی جددی نرا بۆ ئەوەی لە رێگەی دانوستانەوە رێكەوتنێك بهێنرێتە ئاراوە.

٤. هەرچەندە نوێترین وتاری خومەینی بەتەواوی نەگونجاو نیە لەگەڵ زنجیرە ڕووداوەكانی سەرەوەدا، بەڵام بە ئاسودەییانە ئەوە فەرامۆش دەكات كە ئاماژە بە سیاسەتە بەراییەكەی سەركوتكردنی بكات. بەمەش ئەو هەستە گشتییە دەبینرێت كە سیاسەتی میانڕەوی و سازشكردن بەسەریدا ساغ كراوەتەوە (هەر ئەمەش پێچەوانەی پڕوپاگەندەكانیەتی بۆ حوكمكردنی باشتری) و ئەم شكستەش پاساوی داوەتێ كە پشتیوانی لەو هێڵە توندەی قسەكانی بكات كە بانگەشەی بۆ دەكات.

دڵسۆزی هەمیشەییت،

ئارسەر

ئەی ئەیچ ویات

وێنەیەك بۆ: جەی ئەی فۆرتێسكۆ MVO

نهێنی

لە: وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنویڵز 8050Z

٢٥ ی تەموزی ١٩٨٠

بە پەلە بۆ: UKMIS جنێف

ژمارەی بروسکە: ١٩٣ی ڕۆژی ٢٥ی تەموز

بۆ زانیاری تاران و بەغدا

ڕاپۆرتی ژمارە ٣٦٦ (٣٣٦)، سامی ڕەحمان

١. گریك، دوای ئەوەی نەیتوانیبوو پەیوەندی بکات بە وەزارەتی ناوخۆوە پەیوەندی بە ئێمەوە کرد. لە ڕۆژی ٢٤ی تەموزدا بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست قسەیان لەگەڵ کرد و، پێیان ڕاگەیاند: حەز ناکەن بۆ سامی ڕەحمان تێبکەون. کارێکی وەها تەنیا دەبێتە هۆی دروستکردنی گومان لە بوونی پەیوەندی نێوان سامی ڕەحمان و بەریتانیا و, ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی چالاکییە سیاسییەکانی ناوبراو لە ئێران لە پشتیوانیی کوردەکاندا، کە ڕەنگە زیانی زۆر گەورەشی بۆ کەیسی ناوبراو لێ بکەوێتەوە.

گریك لە هۆکاری ئەم بۆچوونە تێگەشت و ڕایگەیاند: بارەگا سەرەکییەکانی UNHCRی بە ڕاپۆرت لێ ئاگادار دەکاتەوە.

٢. گریك ئاماژەشی بەوەدا: UNHCR تاوەکوو ئێستاش بیر لەوە دەکاتەوە ئایا شەفاعەتکردن بۆ سامی ڕەحمان (بڕگەی ٢ی ڕاپۆرتەکەتان) سودی ئەوەی دەبێت کە ئەنجام بدرێت یان نا.

هەروەها وتیشی: لەئێستادا بەڵگەی بەرجەستە لەبەردەستدا نیيە کە بیسەلمێنێت ڕەحمان دەستبەجێ لەژێر مەترسیی لەسێدارەداندایە.

فایلەکان وێنەیەك بۆ: MED, مستەر ماکدۆوێل، وەزارەتی ناوخۆ, MVD, UND و, مستەر جەی سی مۆیەر لی.

مسز تەکەر (بەشی نەتەوە یەکگرتووەکان K149)
UNHCR: مستەر سامی رەحمان

١. ئەم پاشنیوەڕۆیە سەبارەت بە مستەر سامی رەحمان قسەم لەگەڵ مستەر گریك کرد کە نوێنەری کاتیی UNHCRە لە لەندەن. پێم راگەیاند: هەر شەفاعەتکردنێك بۆ مستەر سامی رەحمان لەلایەن (دەولەتی مەزنی بریتانیا)وە لە لای دەسەڵاتدارانی ئێران، تەنانەت ئەگەر تەنیا باس لە دووبارە ڕێگەپێدانی سنورداركراوی ناوبراو بێت لەلایەن (دەولەتی مەزنی بریتانیا) بۆ ناو شانشینی یەکگرتوو، ئەوا رەنگە بارودۆخی ناوبراو زۆر لەمەی ئێستا خراپتر بکات.
لەوانەیە ئەم کارە ببێتە هۆی گومان یاخود پشتڕاستی ئەو گومانانە بکاتەوە کە رەنگە ئێرانییەکان لە سامی رەحمانیان هەبێت کە پیاوی هێزێکی خۆرئاوایی بێت و لە کوردستان دژی بەرژەوەندییەکانی رژێمی ئێستای ئێران کاربکات.

لە راستیدا، باسکردن لە بایەخ پێدانی ئێران بەرامبەر کەیسەکەی ناوبراو، بەبێ هیچ گومانێك وەکوو بەڵگەی ئەم تاوانە دڵنیایەی تەماشا دەکرێت. بۆیە هیچ سودێك لەوەدا نىیە کە بەوشێوەیەی UNHCR پێشنیاری کردووە ئەوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران نزیك ببینەوە. مستەر گریك پێشی وتین: بەباشی لە هۆکارەکانی ئەم بڕیارەمان تێدەگات و، دەینرخێنێت و، بە راپۆرت جنێفی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

٢. لە مستەر گریکم پرسی: ئایا بەڵگەکەیان لەسەر لەسێدارەدانە چاوەڕوانکراوەکەی مستەر سامی رەحمان تا چەند بەڵگەیەکی تۆکمە و بەهێزە. ئەویش گوتی: هەواڵەکە لەلایەن نوێنەرانی کورد لە ڕێگەی شانشینی یەکگرتووەوە دراوەتە UNHCR، کە دەڵێن: بابەتەکەیان لە راپۆرتێکدا بینیوە کە لە رۆژنامەکانی هەفتەی ڕابردووی

سویسرا دا بڵاو کراوەتەوە. تا ئێستا، وا دەردەکەوێت کە تەنیا (لۆمۆند) باسی لە دەستگیرکردنەکەی سامی رەحمان کردبێت.

٣. بروسکەیەك بۆ UKMIS–جنێف دەنووسم کە وەڵامی راپۆرتەکەی ژمارە (٣٣٦)ی ئەوان دەداتەوە و، لەم قسانەی کە کراون ئاگادار دەکرێنەوە.

٤. ئەم دێڕەی سەرەوەم لەگەڵ مستەر مەکدۆوێڵی وەزارەتی ناوخۆدا باس کردووە و بەلایەوە پەسەندە.

٢٥ی تەموزی ١٩٨٠

ئێس ئێم جەی لامپۆرت

بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

W 92 233 3982

وێنەیەك بۆ: مستەر رەی (MED W97), مستەر جەیمیسن (MVD CL425),
مستەر ئار مەکدۆوێڵ (وەزارەتی ناوخۆ),
UKMIS–جنێف.

نهێنی

GR 60

نهێنی

لە تارانەوە ژمارە 30730Z تەموز/ لەپێشدا بۆ وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێڵز

برووسکەی ژمارە ٦٦٦ی رۆژی ٢٨ی تەموزی ٨٠

زانیاری لەپێشینە UKMIS جنێف

زانیاری ئاسایی بەغدا

UKMIS جنێف راپۆرتی ژمارە ٣٦٦: سامی رەحمان

١. ئێمە ماوەیەك لەمەوبەر راپۆرتێکمان لەسەر دەستگیرکردنی سامی رەحمان باس کرد (مەرجەکە لەناوبراوە). ئێمە هیچ ئاماژەیەکی ئاشکرامان نەبینیووە کە مەترسی لەسێدارەدانی لەسەر بێت, بەڵام دیارە کە ناشتوانرێت ئەو ئەگەرە رەت بکرێتەوە.

٢. بە تەواوی لەگەڵ ئەو دێڕەدا کۆکم کە MED لە GRYKی وەرگرتووە.

ویات

وێنەیەك بۆ: مستر ئار مەکدۆوێڵ لە وەزارەتی دەرەوە

فایلەکان:MED, MVD, UND و, مستەر جەی مۆبرلی.

**چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عەبدولڕەحمان قاسملوو**

**کلیلی ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەت – قاسملوو**

مهاباد–سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ح.د.ك) دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، لێرە ڕایگەیاند کە: کلیلی چارەسەری پرسی کورد لە دەستی حکومەتی ناوەندی ئێران دایە.

سکرتێری گشتی (ح.د.ك) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ (تێهران هیراڵد)دا رایگەیاند: ئەگەر حکومەتی ناوەندی داوا رەواکانیان قبوڵ بکات کە لەو بەرنامە شەش خاڵییەدا باسکراوە و لە ماوەی رابردوودا خراوەتە بەردەستیان، ئەوا ئەو شەڕ و خوێنڕێژییەی لە باکوری خۆرئاوادا هەیە کۆتایی پێدێت.

ناوبراو راشیگەیاند: خەباتی کوردستان لە گەلەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە هەر سەردەکەێت.

دەقی چاوپێکەوتنەکە لە خوارەوە دەخەینەڕوو:

پ: دەتوانیت باسی پێشینەی (ح.د.ك)مان بۆ بکەیت؟

و: ئەم حیزبە سیاسییە لە ساڵی ١٩٤٥ لە لایەن قازی محەمەدەوە دامەزرا.
قازی محەمەد هەتا ئەو کاتەی لەلایەن رژێمی ناپاکی پەهلەوییەوە لە سێدارە درا، سەرۆکی ئەو حیزبە بوو. ئامانجەکانی ئەم حزبە هەر هەمان ئامانجەکانی ئێستان– کە

بریتییە لە بەدەستهێنانی خودموختاری بۆ هەرێمەکە و، تەنیا چەند مانگێکی کەم دوای دامەزراندنی حیزبەکە، توانرا ئەم ئامانجە بەدی بهێنرێت.
حکومەتە خودموختارەکە ناونرا کۆماری کوردستان و لە ساڵی ١٩٤٦دا دەسەڵاتی گرتە دەست. کۆمارەکە: سوپای خۆی هەبوو، لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا زۆر سەربەخۆ بوو. بۆ یەکەمجار زمانی کوردی وەکوو زمانی فەرمی خرایەڕو و، کۆمەڵێك کتێب بە زمانی کوردی چاپکران.
بەڵام بەداخەوە بەهۆی پیلانی رژێمی پێشوو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، کۆمارەکە نەیتوانی زیاتر لە یانزە مانگ بەردەوام بێت. نەشیتوانی بەرگەی ئەو هێرشە کە هێزەکانی رژێمی پێشوو بە پشتیوانی پیاوانی سەربازی رژێمی ویلایەتە یەکگرتووەکان کردیان، بگرێت، کە لە رێگەی ئازەربایجانەوە هاتبوون.

حکومەتی (ح.د.ك) بەمجۆرە روخا و، مافەکانمان لەرێگەی پلانە ئیمپریالیستەکانەوە زەوت کران. لەو کاتەوە حیزبەکەمان تێدەکۆشێت بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد.
(ح.د.ك) دەیەوێت دیموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا گەشە بکات و، خودموختاری بۆ کوردستان بەدەست بهێنێت. هیچ حکومەتێکی ئێرانی جگە لەوەی محەمەد مصەدەق کە بۆ ماوەیەکی کەمی ساڵێك (١٩٥٣–١٩٥٤) لە دەسەڵاتدا مایەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستانی وەك پارتێکی سیاسیی–یاسایی نەناسیووە، مصەدەقیش نیمچە ددانێکی پێدا ناوە.
لە کاتی کەوتنی حکومەتەکەی مصەدەقەوە، ح.د.ك چووەتە قۆناغی ژێر زەمینییەوە. لە شۆڕشیشەوە بەئاشکرا دەستمان بە چالاکییە سیاسییەکانمان کردووەتەوە، بەڵام ئێستا وەك دەزانن "ئەنجومەنی شۆڕشگێڕی" حیزبەکەمانی بە نایاسای داناوە، ئەمەش دژی هەموو پێوەرە دیموکراسییەکانە.

ئێمە دژی حوكمی ئیستیبدادی و شای موستەبید شانبەشانی هێزەكانی دیكەی شۆڕش جەنگاوین، هەر حزبێك یان گروپێك بڵێن كە هەر خۆیان بەتەنیا لەپێناو ئازادیدا شەڕیان كردووە، بەدڵنیاییەوە لە راستیەكان لایداوە.

وەك هەمووان دەزانن لە چەندین ساڵ پێش شۆڕشەوە، ح.د.ك شەڕێكی ئازایانەی دژی حوكمی ئیستیبدادی شای لەكارخراو دەست پێكردووە.

پرۆگرامی ح.د.ك كە لە ماوەی ٣٥ ساڵ خەباتی دا بۆ ئازادی، لە چوار كۆنگرەدا بڵاوكراوەتەوە كە دوایەمین كۆنگرەیان لە كانونی دووەمی رابردوودا بەڕێوە برا.

ئەم ئامانجانەی تێدا باسكراوە: ناڕەزایی دەربڕین لە دەست تێوەردانەكانی ئەمریكا لە بوارەكانی ئابوری و سەربازی و كەلتوری لە سەرانسەری جیهاندا و بەتایبەتی لە ئێران دا. بەدەستهێنانی ئازادی سیاسیی بۆ هەموو ئەو رێكخراوانەی كە بڕوایان بەو دروشمە هەیە كە دەڵێت: هەموو حزبێكی سیاسیی مافی بوونی هەیە و، ئێمەش دژی هەموو جۆرە قورخكارییەكی سیاسین لەلایەن تاك حیزبەوە.

لەكاتێكیشدا هەوڵ بۆ بەدیهێنانی مافەكانی گەلی كورد دەدەین، بە جدیش پشتیوانی هەموو ئەو گروپە ڕەگەزییە سەركوتكراوانە دەكەین كە لە ئێراندا دەژین بەتایبەت 'ئازەرییەكان، بەلوجەكان، عەرەبەكان و توركمانەكان'.

خەباتیش دەكەین لە پێناو گێڕانەوەی مافە ئابوریی و كۆمەڵایەتیەكان بۆ جوتیار و كرێكاران.

زۆرجار ح.د.ك بە 'حزبی 'گەلی دیموكرات' لە كوردستان ناوبراوە و ئەمەش زیادەڕۆیی نەبووە. چونكە زیاتر لە هەشتا لە سەدی ئەندامانی ئەم پارتە جوتیار و كرێكارن و، زیاتر لە نەوەد لە سەدی گروپە چەكدارەكەی كە بە 'پێشمەرگە' ناو دەبرێت سەر بە چینی هەژارانن. بەگشتی دەتوانین ح.د.ك وەك حزبێكی سیاسیی ناوببەین كە نوێنەرایەتی كرێكاران و جوتیاران و رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەكان دەكات.

پ: دەتوانیت باس لە پەیوەندییەکانت لەگەڵ کۆمەڵە و فیداییەکاندا بکەیت؟

و: پەیوەندییەکەمان لەگەڵ فیداییەکان لە پەیوەندیمان لەگەڵ کۆمەڵە بەهێزترە. کۆمەڵە خۆیان بە (مارکسی) دادەنێن، بەڵام لەراستیدا (ماوی)ن.

ڕێژەی لایەنگرانیان لە کوردستاندا تەنیا پێنج لە سەدە. فیداییەکان هەرچەندە گەنج و بێ ئەزمونن، بەڵام ئەقڵانیترن و دانوستان لەگەڵیاندا ئاسانترە.

ئەم شەڕەی دوایی کە لە سنە کە لەگەڵ سوپای کۆماری ئیسلامیدا رویدا، کۆمەڵە هەڵیگیرساند. هەرچەندە پێشتر ئاگادارمان کردبوونەوە کە لەناو شاردا شەڕ هەڵنەگیرسێنن، چونکە خەڵکی بێتاوان تیایدا دەکوژرێت، بەڵام کۆمەڵە گوێیان لە ئامۆژگارییەکانی ئێمە نەگرت و، ئەنجامەکەشتان بینی. بە بۆچونی من: دەبێت کۆمەڵە بەرپرسیارێتی ئەو شەڕەی کە لە سنە هەڵیگیرساند بگرێتە ئەستۆ کە هاوڵاتیانی سنەیان توشی ئەم کارەساتە کرد.

پ: هەقیقەتی هەڵگیرسانی شەڕەکە چۆن بوو؟

و: سەرۆکی خێڵی هەرەکەی 'هەرکی' ( Haraki) هەڵیگیرساند، کە ئەندامەکانی لەسەر سنورەکانی ئێران و عێراق و تورکیا دەژین و کەسانی بەکرێگیراون. 'رەشید جیهانگیری' کە سەرۆکی خێڵەکەیە هەر لە دوای شۆڕشەوە لەلایەن جەنەراڵ زاهیر نەژادەوە کە فەرماندەی سوپاکەی ئورمیەیە، ٩٣٥ چەك و ٢٦ هەزار ریاڵی بۆ هەر یەکێك لە ئەندامانی خێلەکەی درابوویە.

دوای ئەوەی 'رەشید جیهانگیری' چەك و پارەکانی وەرگرتبوو، فەرمانی بە پیاوەکانی کردبوو تەنگ بە جوتیارەکان هەڵچنن و، لەماڵ ڕاویان بنێن تا زەویە کشتوکاڵیەکانیان بەجێبهێڵن. سەدان جوتیاری ئاوارە پەنایان بردە بەر ئورمیە.

ئینجا 'رەشید جیهانگیری' فەرمانی بە پیاوەکانی کردبوو ئەو رێگایە ببڕن کە لە باشوری سنەوە تاوەکوو سنوری سۆڤیەت درێژ دەبێتەوە و، بەمەش هێزەکانی ئێمەی

دابەش کرد. ئاوارەکان بە هانامانەوە هاتن و بەمەش شەڕی پێشمەرگە و جوتیارەکان لەدژی بەکرێگیراوان دەستیپێکرد و، پاشان پەلی کێشا بۆ ناوچەکانی دیکە.
دوای ئەوە سەرۆك ئەبولحەسەن بنی سەدر فەرمانی کرد چەك دابنرێت. ئەو گوتی: سوپا لە هەر ناوچەیەك بیەوێت، دەبێت مانۆڕ ئەنجام بدات و، کۆمەڵێك کەسی نەخوازراو پاك دەکرێنەوە. دوای چەند رۆژێکی کەم ئاگری شەڕ چواردەوری سنەی گرت و دواتریش سەقز و بانە و مەریوانی گرتەوە.

پ: ئایا هیچ هەلێك هەیە بۆ گەیشتن بە چارەسەر و کۆتاییهێنان بە شەڕ؟
و: ئەوە کەوتووەتە سەر شانی حکومەتی ناوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران.
ئێمە نامانەوێت لەناو شارەکاندا شەڕ بکەین. ئێمە ئامادە بووین بۆ ئاگربەست، بەڵام لە حکومەتەوە هیچ وەڵامێکمان بەدەست نەگەشت.
لەنێوان ئێمە و نوێنەرەکانی حکومەتدا یەکتر تۆمەتبارکردن دەستی پێکرد، کاربەدەستێکی وەزارەتی دەرەوە 'بەناوی بەنی سەدرەوە' پێی گوتین: "ناپاك" و تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵمان کە ئێمە هێرشمان کردووەتە سەر بنکە سەربازییەکانی مەریوان، منیش پێم گوت: ئەگەر حکومەت ئاگربەستەکە رابگەیەنێت، ئەوا هیچ هێرشێك نامێنێت.
ئێستا حکومەت دیسانەوە پێویستی بە ئاگربەستە و، هەروەها دەیەوێت شاندی ئاشتی رەوانەی کوردستان بکات. بەڵام حکومەت بەرنامە شەش خاڵییەکەمانی قبوڵ نەکردووە، هەرچەندە رایگەیاندبوو: بەرنامەکەمانی بە پیاچوونەوەیەکی کەمەوە قبوڵ کردووە.
بەڵام بەو پیاچوونەوانە سەرلەبەری بەرنامەکەمانیان گۆڕیوە و، ئێمە قبولمان نییە. جگە لە خاڵەکانی دیکە، ئەوەی بەلای ئێمەوە زۆر گرنگ بوو بریتی بوو لەو خاڵەی کە داوای گێڕانەوەی ئەو مافە بە کورد دەدات کە خودموختاری هەرێمی هەبێت و، ئەم بابەتەش بخرێتە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. حکومەت ئەوە رەت دەکاتەوە

و دەڵێت: رەنگە خودموختارییەکە لە رێکەوتنێکی جیاوازدا بدرێت. بەکورتیەکەی ئێمە لەگەڵ ئەو پیاچوونەوانەدا نین کە حکومەتی ناوەندی ئەنجامی داوە، بەڵام تێڕوانینە فەرمییەکانی ح.د.ك لە دواتردا رادەگەیەنرێت.

پ: لە وەڵامی پرسیارێکیش دا قاسملوو گوتی:

لەمپەری سەرەکی لەبەردەم چارەسەرکردنی ناکۆکیەکەدا ئەوەیە کە: حکومەتی ناوەندی داواکارییەکەیان بۆ خودموختاری قبوڵ ناکات. پێویستە حکومەت ئەوە بزانێت نەك تەنیا چەند گروپێك، بەلکوو هەموو کورد چەکیان هەڵگرتووە و، ئامادەن لەپێناو خۆ بەڕێوەبردن و هەرێمەکەیان بجەنگێن!

پرسیارەکانی دیکەش کە لەلایەن ئامادەکاری چاوپێکەوتنەکەوە کرا بەمشێوەیە قاسملوو وەڵامی دایەوە:

* خودی حیزبی دیموکرات لەگەڵ حکومەتی ناوەنددا دانوستانی ئەنجام داوە، چونکە ئەم حزبە نوێنەرایەتی لە ٪٩٠ ی جەماوەری نەتەوەی کورد دەکات و، زیاتر لە ٧ هەزار پێشمەرگەی بە دیسپلین و ئامادەسازی هەیە. هەرچەندە لە ئێستادا ژمارەی چەکدارە خۆبەخشەکانی ناو ڕیزەکانمان کە لە بەرەکانی جەنگدان دەگاتە ٥٠ هەزار کەس.

*دانوستان لەگەڵ سەرۆك بەنی سەدر دا ئاسانترە، چونکە وا دەریدەخات کە باشتر لە کێشەکانی کورد تێدەگات.

*ئەندامەکانی ح.د.ك باوەڕیان بە ئاینی ئیسلام هەیە، بەڵام تێگەیشتنەکەیان لەوەی ئەندامەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی جیاوازە. بەگشتی ح.د.ك حزبێکی علمانییە کە بڕوای بە سۆشیالیزمە. لە ئێستادا پرسی خودموختاری گرنگترینە.

* بڕوامان بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوری خەڵکە. دەتوانرێت ئەمە لە ڕێی پەرەپێدانی ئابوریی 'کەرتی گشتی و هاوکارییەکان و کەرتی تایبەت'ەوە بەدی

بهێنرێت. نابێت پەلە بکرێت لە خۆماڵیکردنی بازرگانیی و پیشەسازی، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەڵانەی کە هەندێك وڵاتی سۆشیالیست ئەنجامیان داوە.

بە بۆچونی من سۆشیالیزم و کەرتی تایبەتی دەتوانن پێکەوە بژین، بەتایبەتی بۆ کەرتەکانی پیشەسازی دەبێت حکومەت بەرپرسیارێتی دروستکردنی کارگە و، پیشەسازیە قورسەکانی دیکە لە ئەستۆ بگرێت.

ئێمە داوا دەکەین کرێکارەکانمان لە هەفتەیەکدا چل کاتژمێر کار بکەن و، جوتیارەکانیش بەهەمان شێوە و داوای ئاسایشی کاریان بۆ دەکەین.

* کوردەکانی ئێران پەیوەندی برایانەیان لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا هەیە، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە پەیوەندییان بە یەکترەوە نی‌یە.

پاشان د. قاسملوو بە هاوسۆزیەوە ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە کوردەکانی ئێران چەك لە حکومەتی عێراق یاخود لە کوردانی وڵاتانی دیکە وەربگرن. هەروەها ئەوەشی ڕەتکردەوە کە شاپور بەختیار هاوکاری کردبن. د.قاسملوو 'شاپور بەختیاری' بە کەسێکی ناپاك لە قەڵەمدا و، بە پیاوێکی زانی کە پەیوەندی لەگەڵ (شا)ی لەکارخراودا هەبێت.

ناوبراو لەوبارەیەوە گوتیشی: هەموو ئەم دەنگۆیانە ناڕاستن و هیچ بنەمایەکیان نی‌یە.

## چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ عیزەدینی حوسەینی

**بڕوامان بە ئاشتییە**

مهاباد– شێخ عزەدینی حوسەینی کە سەرکردەیەکی ئایینی کوردە، هەفتەی رابردوو رایگەیاند: نایانەوێت شەڕ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دا بکەن.

ئەم سەرکردە ئاینیە دیارەی کورد، لێرە لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا بە 'تێهران میراڵد'ی رایگەیاند: "لەراستیدا ئەوە حکومەتی ناوەند بوو کە جاروبار پێکدادانی لەگەڵ کوردەکاندا کردووە و، کوردیش وەکوو بەرگری لەخۆکردن دەبوو بەرپەرچی شەڕەکان بدەنەوە". ئەگەر ئێستا ئاگربەست رابگەیەنرێت ئەوا قبوڵی دەکەین، چونکە وەکوو بنەما، ئێمە لەگەڵ شەڕدا نین و بڕوامان بە چارەسەری ئاشتیانە هەیە.

دەستی–دەستی کردن :

ناوبراو لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: دانوستانەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندا تاکوو ئێستا هیچ بەرهەمێکی نەبووە و هۆکارەکەشی ئاسانە کە بریتییە لەوەی ژمارەیەك لە نوێنەرانی حکومەت کە نێردرابوونە کوردستان دەستی دەستییان کردووە و، مەبەستیان بووە کات پەیدا بکەن و، تیایدا هێزە شکستخواردووەکانی حکومەت بنیاد بنێنەوە.

ئەو دەڵێت: "هەمیشە دانوستانەکان ئەو کاتە دەستیان پێدەکردووە کە هێزەکانی حکومەت لە کوردستان شکستیان دەخوارد". ناوبراو گوتیشی: هەرگیز حکومەتی ناوەند لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا جددی نەبووە.

ئەو ئاماژەی بەوەش دا: "لەڕاستیدا ئێستا حکومەت، حکومەتێکی دژە شۆڕشگێرییە و، ئەو بانگەشانەی کە دەیکات و دەڵێت: "دژی ئیمپریالیزمە"، قسەیەکی بەتاڵ و بێ بنەمایە".

لای خوارەوە دەقی تەواوی چاوپێکەوتنەکە دەخرێتەڕوو:

پ: مەبەستت لە "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" چییە؟
خۆبەڕێوەبردن:
و: لەماوەی ساڵی رابردوودا مانای ئەو دەربڕینە نەگۆڕاوە.چەند جارێك ئەم بابەتەمان روون کردووەتەوە.
مەبەستمان لە "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" ئەوەیە کە کوردستان یەکەیەکی ناوخۆیی سەربەخۆ بێت لەسەر نەخشەی جوگرافی ئێران و، لەلایەن ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردەوە کاروباری ناوخۆیی کوردستان بەڕێوە ببات.
زمانی کوردی وەکوو زمانی فەرمی پارێزگاکە شانبەشانی زمانی فارسی ددانی پێدا بنرێت، کە ئەمەش لێکدانەوەیەکی دیکەی گرنگیەکەیەتی.
دەبێت هێزەکانی چەسپاندنی یاسا، بۆ نمونە: پۆلیس و ژاندارم لە پێشمەرگەی کورد پێك بێت. دەبێت حکومەتی ناوەند تەنیا بەرپرسیاری کاروباری دەرەوە و بەرگری و، هەندێك بابەتی گرنگی دیکەی وەزارەتەکانی حکومەت بێت کە پەیوەستن بە کوردستانەوە لەرووی ناوچە ئۆتۆنۆمەکەوە.
ئێمە ئەم داواکارییەمان لەشێوەی بەرنامەی شەش خاڵی و، هەشت خاڵی و، ٢٦ خاڵی، داوە بە حکومەتی ناوەند، بۆ ئەوەی بایەخی پێ بدەن، بەڵام دەستیان کردووە بە هێرشکردنە سەر کوردستان، چونکە ئەم بەرنامانەمان خستووەتە روو.

پ: پێت وا نیيە کە حکومەتی ناوەند لەوە بترسێت ئەگەر ئۆتۆنۆمی بە کوردستان ببەخشێت، رەنگە بە تەواوی لە بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە جیاببێتەوە؟
لە بەرژەوەندیدا نییە:

و: چەند جارێك رامانگەیاندووە: جیابوونەوەی کوردستان لە ئێران لە بەرژەوەندی گەلی کورددا نی‌یە. بۆیە گەلی کورد دەیانەوێت نیشتمانەکەیان بەشێك بێت لە ئێران. ئێمە تەنیا داوای شتێك زیاتر دەکەین، بۆنمونە: لە کاروباری ناوخۆماندا هەروەك گەلانی دیکەی سەرکوتکراوی ئێران، کە ئێمە چالاکانە هاوکارییان لەگەڵ دەکەین. بەڵام حکومەتێك کە هەڵدەکوتێتە سەر خوێندکارانی زانکۆ، ئەوا ناتوانیت ئەوەی لێ چاوەڕوان بکەیت کە ئۆتۆنۆمی بە خەڵکی کوردستان ببەخشێت.

پ: ئایا وتوێژەکانتان لەگەڵ حکومەتی ناوەنددا تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی هەبووە؟

و: نەخێر بە هیچ شێوەیەك. حکومەت چەند نێردراوێکی رەوانەی کوردستان کردووە، بۆنمونە: ئایەتوڵڵا ئیشراقی و کرمانی، بۆ ئەوەی وتووێژمان لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەم کەسانە هەرگیز دانوستانی راستەقینەیان نەکردووە.

هەموو جارێك کە سوپای حکومەت بەدەست جەنگاوەرە ئازادیخوازەکانمان شکستیان پێهێنراوە، ئەم نێردراوانەیان ناردووە بۆ کوردستان بۆئەوەی کات بەدەست بهێنن و، هێزە شکستخواردووەکەیانی تێدا رێکبخەنەوە بۆ هێرشی نوێ بۆ سەر کوردەکان و، ئەم بەناو دانوستاندنانە دەستیان پێکردووەتەوە.

ئەم وتووێژانە بۆ ئەوە بوو کە بە ئاشکرا نیشانی خەڵکی بدەن کە حکومەت خوازیاری ئاشتییە لە کوردستان، بەڵام بە ڕاستیی تەواو پێچەوانەی ئەوە بووە. لەرێگەی ئەم وتووێژانەوە یەك دانە بابەت چارەسەر نەکراوە. بابەتە لاوەکییەکانی وەك: چوونە دەرەوەی پاسەوانە شۆڕشگێڕەکان لە ناوچەکانی کوردستان، ئازادکردنی زیندانییەکان و، گێڕانەوەی دوورخراوەکان بۆ ناوچەی خۆیان، هێشتا بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە. بە بۆچونی من: هیچ دەوڵەتێك لە مێژووی ئێراندا لەمەی ئێستا خراپتر دانەمەزراوە.

پ: بۆچونت لەبارەی ئەو کەسانە چییە کە ئێستا لە لوتکەی کاروبارەکاندان و سەرکردایەتی وڵات دەکەن؟
دوورن لە راستییەوە:
و: هیچم لەسەر کەسەکان نیە. ئێمە باس لە ئەرکەکانی حکومەت دەکەین. بەبۆچونی من: حکومەتەکەی ئێستا حکومەتێکی دژەگەل و دیکتاتۆرە و، ئەو قسە زلانەی کە باس لە شۆڕشگێڕێتی و، دژە ئیمپریالیستی بوون دەیکات، دوورن لە راستییەوە.
گرتنی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە تاران و، ئەو بارمتەگرتنەی کە بەدوایدا هات، کارێکی منداڵانە بوون.
ئێمە دەتوانین حکومەت لەرێگەی کردارەکانیەوە هەڵسەنگێنین نەك دروشمەکانی. ئێمە بینیومانە کە لە "کوردستان و بەندەر ئەنزەلی و تورکمان سەحرا و خوزستان" چییان کردووە.
هەروەها کوشتنە بێبەزەییانەکەی خوێندکارانی زانکۆمان بینیوە و، وێرانکارییە سەیر و سەمەرەکەی "بانە و مەریوان و سەنەندەج و سەردەشت" و، هەروەها کوشتنی خەڵکە بێتاوانەکەی ئەو شوێنانەشمان لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە کە کۆمەڵێك کەسی توندڕەو بەڕێوەیان دەبەن، بینیووە. وابزانم ئەوە بەسە بۆ سەلماندنی ئەوەی حکومەتی دەسەڵاتداری ئێستا سروشتێکی دژەگەل و دواکەوتوخوازانەی هەیە.

پ: هەموو گروپە سیاسییەکانی کوردستان ئێستا بەرەیەکی یەکگرتوویان دروستکردووە. دەتوانیت کەمێك تیشك بخەیتە سەر پەیوەندییە دوولایەنەکانیان لەگەڵ ئەم گروپانەدا لە سەردەمی دوای ئۆتۆنۆمیدا، ئەگەر بێتو ئۆتۆنۆمی بە کوردستان ببەخشرێت؟
و: ئەم گروپانە ئایدۆلۆژیای جیاجیایان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە مەسەلەی ئۆتۆنۆمی بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە بۆ هەموو گروپە

سیاسییەکان. بۆیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروباوەڕە ئایدۆلۆژیەکانیان بەرەیەکی یەکگرتوویان پێکهێناوە. بەڵام ناتوانرێت پێشبینی چالاکییەکانی داهاتوویان بکرێت. ئەوەی لێی دڵنیاین ئەو راستیەیە کە ئەگەر ئۆتۆنۆمی ببەخشرێت، دەبێت کوردەکان بچنە سەر سندوقی دەنگدان و، پاڵێوراوەکانیان هەڵبژێرن و، وەك دەزانیت بۆئەوەی لایەنە براوەکە بتوانێت حکومەتی ناوچەیی خۆبەڕێوەبەر پێکبهێنێت.

لە دەست حکومەتدایە:

پ: ئایا پێت وایە شەڕ لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا لە داهاتووش بەردەوام دەبێت؟

و: بەردەوام بوون یاخود بەردەوام نەبوونی ئەم شەڕە مەسەلەیەکە لە دەست حکومەتی ناوەندی دایە.

ئێمە لەلای خۆمانەوە بەردەوام رامانگەیاندووە: دانوستانی ئاشتییانەمان لە بەکارهێنانی هێز بەلاوە پەسەندترە.

دەرگاکانی وتووێژی ئاشتیانە هێشتا کراوەن، بەڵام تۆش هاوڕا دەبیت کە ئەگەر بڵێم: ئەمە پێویستی بەوەیە کە هەردوولا بەڕاستی بیانەوێت چارەسەری ناکۆکیەکە بکەن. هیچ کەسێك نایەوێت کاتی خۆی بە دانوستانی بێبەرهەمەوە سەرف بکات. لەمپەری سەرەکی لەبەردەم چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان، حکومەتی ناوەندییە.

بەبۆچونی من ئەمەش هۆکاری ئەوەیە: ئەندامەکانی حکومەتی ناوەندی دەسەڵاتی پێویستیان نیە، بۆیە ناتوانن بە دەسپێشخەری خۆیان سەبارەت بەو کێشانەی رووبەرووی حکومەتەکە دەبێتەوە، بڕیاری پێویست بدەن. بۆنمونە: بڕیارێك کە سەرۆك بەنی سەدر لەبارەی مەسەلەیەکی دیاریکراوەوە بیدات، رەنگە تەواو پێچەوانەی بۆچونەکانی مستەر چەمران بێت. مستەر چەمران شتێك دەڵێت، حوجەتولئیسلام خەلخالی شتێکی دیکە دەڵێت، ئەمە لە کاتێدایە کە هەموویان ئەندامی هەمان حکومەتن. بەڵام خەسڵەتێك کە لە هەموویاندا هاوبەشە ئەوەیە: هەموویان دواکەوتوخواز و دژەگەلن. ئەوان لە زۆر شتدا لەناو خۆیاندا ناتەبان.

پ: پەیوەندی لەنێوان کوردە ئێرانی و عێراقیەکاندا هەیە؟

پەیوەندی سیاسی نییە:

و: هیچ پەیوەندییەکی سیاسیمان لەگەڵیاندا نییە. ئێمە تەنیا لەرێگەی خزمایەتی (خوێن)ەوە لەگەڵ کوردانی عێراقدا یەکین، نەك شتی دیکە.

پ: تۆ بەوە تۆمەتبار دەکرێیت کە یارمەتی ماددی و مەعنەوی لە حکومەتەکانی عێراق و ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە وەردەگریت، لێدوانت لەسەر ئەوە چییە؟

و: هەندێکجار تۆمەتبارمان دەکەن بەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ خزمانی (شا)ی لەکارخراودا هەبێت، هەندێکجار لەگەڵ ئیسرائیل، عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکان. ئەوان دەبێت بزانن کە خەباتی کورد بۆ بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان شتێکی رەسەنە و، پەیوەندی بە هیچ جوڵانەوەیەکی ناوخۆیی و دەرەکییەوە نییە.

گەلی کورد هێشتا بیری نەچووەتەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان چی بە مەلا مستەفای کۆچکردوو کرد. هەروەها بینیشمان کە ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتی چی بەسەر خەڵکانی نیشتمانپەروەردا هێناوە. بۆیە شەڕێکی ئازایانەمان دژی پیلانەکانی گرتووەتەبەر. بۆیە ئێمە دژە ئیمپریالیستی راستەقینەین، نەك حکومەتی ناوەندی کە بانگەشەی بۆ دەکات.

پ: ئایا سەردانێکی سەرۆك بەنی سەدر بۆ کوردستان هەنگاوێکی گەورە بە ئاڕاستەی چارەسەری کۆتایی کێشەکەدا دەنێت؟

راستگۆیی:

و: ئەگەر بەو ئیرادەیەوە بێتە ئێرە کە چارەسەری بکات و راستگۆیی لە دڵدا بێت. ئێمەش دەمانەوێت بابەتەکە بەشێوەیەکی ئاشتییانە و، لەرێگەی دانوستانەوە چارەسەر ببێت.

پ: ئایا بانگهێشت بۆ سەرۆك نێردراوە بۆئەوەی بێتە کوردستان؟
و: نەخێر. بەڵام پێم وایە ئەگەر بانگهێشتنامەی بۆ بنێردرێت رەتی دەکاتەوە.

پ: پەیوەندیتان لەگەڵ گروپە ڕەگەزییەکانی دیکەی ئێراندا چۆنە؟
و: ئێمە پشتیوانی مەعنەوییان لێدەکەین، بڕواشمان بە ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی بۆ ئەوانیش هەیە. حکومەتەکەی ئێستای کۆماری ئیسلامی بە مانای تەواوی وشە شایستەی ناوەکەی نییە.
خەڵکانی بەستەزمانی لە ناوچەکانی خۆیان دەرکردووە و، کردەوەی وەحشییانەی دژی خەڵکی کوردستان ئەنجامداوە. بۆئەوەی کە کردەوەکان لە کوردستان بشارێتەوە، سانسۆری خستووەتە سەر ئەو هەواڵانەی کە لە بەرەکانی جەنگی کوردستانەوە دێن.

ئێف ئۆ ٣١٩/٣/٩

پوختەی بەرایی

وەزارەتی دەرەوە و کۆمۆنوێلز

حوزەیرانی ١٩٨٣

کێشەی کورد

کوردەکان کە ژمارەیان نزیکەی ١٠ ملیۆن کەسە، بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانی تورکیا و ئێران و عێراق پێك دەهێنن و، ژمارەیەکی کەمیشیان لە سوریا و یەکێتی سۆڤیەت و لوبناندا هەن. بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناوچە شاخاوییەکانی خۆرهەڵاتی تورکیا و، وڵاتانی دراوسێیدا چڕ بوونەتەوە. زۆربەیان مسوڵمانی سوننەن، بەڵام لە ئێراندا هەندێکیان شیعەن.

لانی کەم ٣ هەزار ساڵە کوردەکان وەك گەلێکی خێڵەکی بە "کلتور و نەریت و زمان"ی خۆیانەوە بوونیان هەبووە و، لەو ماوەیەشدا نەریتێکی بەهێزی سەربەخۆییان دروست کردووە.

لە نێوان سەدەی حەڤدەهەم تاوەکوو سەدەی بیستەم، سێ چارەکی کوردەکان لەژێر حوکمی عوسمانییەکان دابوون و، چارەکەکەی تریشیان لەژێر دەسەڵاتی فارسەکاندا بوون.

بەردەوام کوردەکان راپەڕینیان ئەنجام داوە، بەتایبەتی دژی عوسمانییەکان و، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە کەسێك نەبوو وەك عوبەیدوڵای سەرکردەی کورد: بیرۆکەی یەکخستنی گەلی کورد لە دەوڵەتێکدا بهێنێتە ئاراوە.

هەوڵە جیاجیاكانی دروستكردنی تاكە ناسنامەیەكی نەتەوەیی، بەهۆی ئەو جیاوازیی و ململانێ خێڵەكییانەوە لەبار بران كە حكومەتە ناوەندییەكان توانیویانە بەكاری بهێنن.

لەمپەرەكانی دیكەی بەردەم بزووتنەوەیەكی رێكخراوی نەتەوەیی بریتین لە: جیاوازییە سیاسییەكانی نێوان سەركردە موحافیزكارە دەرەبەگەكان و چەپڕەوە توندڕەوەكان، هەروەها بەربڵاویی نەخوێندەواری لەناو كورد دا و، ئەو راستییەش كە زمانەكەیان دوو شێوەزاری سەرەكی هەیە.

لەگەڵ شكستهێنانی توركیا لە جەنگی یەكەمی جیهانیدا، هەریەك لە گەلەكانی ژێردەستی عوسمانییەكان هەوڵی بەدەستهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان دا. پەیماننامەی سێڤر، لە ئابی ١٩٢٠دا لەلایەن هاوپەیمانان و حكومەتەكەی سوڵتاندا واژۆ كرا. هەروەها دامەزراندنی سێ دەوڵەتی عەرەب لە حیجاز (كە دواتر لە عەرەبستانی سعودیەدا كۆكرایەوە) و، سوریا و عێراق یەكەمین دەرفەتیان بە كورد بەخشی كە تەنیا بە هیوای كوردستانێكی سەربەخۆوە بن. بەڵام ئەم پەیماننامەیە هەرگیز لە ئەنجومەنی نیشتمانیی توركیا دەنگی لەسەر نەدرا.
لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢، سەڵتەنەتەكە هەڵوەشێنرایەوەو، دامەزراندنی كۆماری توركیا بە كردەوە كۆتایی بە هیوای كوردستانێكی سەربەخۆ هێنا.
پەیماننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ (كە توركیا دەنگی بۆ دا) هیچ ئاماژەیەكی بۆ كوردستان تێدا نەبو و، پراكتیزەكردنی سنورە دەوڵەتییەكان بوو كە كوردەكانی بەسەر چەند وڵاتێكدا دابەش كرد، ئەمەش ئەوەندەی دیكە خواستی كوردەكانی سەختتر كرد.
لەم ساڵانەی دواییدا، بزووتنەوە نەتەوەییە كوردیەكان لە 'عێراق و ئێران و توركیا' تارادەیەكی زۆر سەربەخۆتر لەوانی دیكە، هەڵسوڕاون. ئەمە لەكاتێكدایە كە چالاكی ئەودیو سنورەكانیان زۆر بووە. تەنیا لە عێراق ئەوەندە بەهێز بوون كە بتوانن

هەڕەشە لەسەر حکومەتی ناوەندی دروست بکەن. کوردەکان لەپێناو بانگەشەکردن بۆ دۆزەکەیان، خۆیان لە گرتنەبەری تیرۆری نێودەوڵەتی پاراستووە.

ئێران:

چەمکی دەوڵەتی کوردستانێکی سەربەخۆ کە لە پەیماننامەی سیڤردا باسی لێوە کراوە، هەرێمە کوردییەکەی ئێران ناگرێتەوە.

لە ساڵانی ١٩٢٠ەکان و ١٩٣٠یەکانیشدا چەند شۆڕشێکی کوردەکان بە توندی لەلایەن رەزا شاوە خامۆش کران.

داگیرکارییەکەی بەریتانیا/یەکێتی سۆڤیەت بۆ سەر ئێران لەساڵی ١٩٤١دا و لەکارخرانی رەزا شا، بووە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لە هەموو پارێزگاکاندا. ئازربایجان و کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتدا بوون، لەژێر کاریگەریی سۆڤیەتدا برەو بە ئۆتۆنۆمی دەدرا. ئەمەش وایکرد کە لە کانونی یەکەمی ١٩٤٥ کۆماری دیموکراتیی ئازربایجان و کۆماری کوردیی لە مەهاباد دامەزرێنران.

رەتکردنەوەی پاشەکشەکردن لە باکوری ئێران لەلایەن سۆڤیەتەوە بەهۆی پابەندبوونیان بە پەیماننامە سەرەکییەکەی داگیرکارییەوە، وایکرد: لە دوای جەنگەوە یەکەم قەیرانی گەورە لە پەیوەندییەکانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا دروست ببێت و، ئەمریکا پشتیوانییەکی بەهێزی لە حکومەتی تاران دەکرد.

لە مانگی ئایاری ١٩٤٦، هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت قایلکران کە بکشێنەوە بەو مەرجەی کێڵگە نەوتییەکانی سەراخس 'سرخس' (Sarrakhs)یان لە باکوری خۆرهەڵاتی ئێران خرایە بەردەست (ئەم مەرجە لەلایەن ئەو پەرلەمانەی ئێرانەوە کە لە ساڵی ١٩٤٧ دا هەڵبژێردرا رەت کرایەوە).

لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٤٦ سوپای ئێران لە هەڵمەتێکدا ناوچەکانی پێشوی سۆڤیەتی گرتەوە و، ئەمەش بووە هۆی داڕمانی رژێمی پیشەوەری (Pishevari) لە

ئازربایجان و، رژێمە کوردییەکە لە مەهاباد. قازی محەمەد کە سەرۆکی کۆمارە کوردییەکەی کوردستان بوو، لە مەهاباد لەسێدارە درا و، دارمانی کۆماری کوردستان هاوکات بوو لەگەڵ سەپاندنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لە سەرانسەری کوردستانی ئێراندا.

حیزبی دیموکراتی کورد (حدك) لە ساڵی ١٩٤٥ لەلایەن قازی محەمەدەوە دامەزرا. ئەم پارتە کە سەردەمانێك توندڕەوترین بوو، لە ئێستادا بەهێزترین و گرنگترین گروپی نەتەوەییە و، هێزەکانی پێشمەرگە (پارتیزانەکان) لەژێر فەرمانیدان.
ئەم پارتە لە ڕوی ئایدۆلۆژییەوە مەیلی بەلای یەکێتی سۆڤیەتدا هەیە و، لەوێوە پشتیوانی پێ گەیشتووە.
لە ئێستادا حدك دەڵێت: پەیوەندییەکانی لەگەڵ حیزبی تودەی (شیوعی) ئێراندا پچڕاندووە. لە تشرینی دووەمی ١٩٨١، حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیوەندی کرد بە ئەنجومەنی نیشتیمانی بەرگرییەوە 'شورای ملی مقاومت' کە بارەگاکەی لە پاریسە و، لەژێر سەرکردایەتی مەسعود رەجەوی دایە کە سەرکردەی ئاوارەی موجاهیدینی خەلقە.
لە ئێستادا حیزبی دیموکرات لەژێر ڕێبەرایەتی عەبدولڕەحمان قاسملوو دا بیرۆکەی کوردستانی گەورەی نییە کە دەوڵەتێك بێت لە هەموو ناوچە کوردییەکانی 'تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران و یەکێتی سۆڤیەت' پێك بێت و، خودموختارییەکی کەمی دەوێت. ئەمە لەکاتێکیش دایە زۆرێك لە کوردەکان پشتیوانی لەم بیرۆکەیەی دەکەن.

لە پاڵ حیزبی دیوکراتیش دا، کۆمەڵەش هەیە کە گروپێکی بچوکی مارکسی–لینینی / ماوییە. شێخ عیزەدینی حوسەینیش کە کەسایەتییەکی ئایینی کوردە سەرکردایەتی (ڕێکخراوێکی نەتەوەیی) دەکات کە گروپێکی چەپڕەوی دیکەیە و، لە کەسایەتییە

ئایینی و نەتەوەییەکان پێك هاتوون و، داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن بەجۆرێك کە مەسەلەی کاروباری دەرەکی و بەرگری و پلانی ئابوری لەدەستی حکومەتی ناوەندیدا بمێنێتەوە.

بە کۆتایی هاتنی رژێمەکەی شا لە شوباتی ١٩٧٩دا، کوردەکان بۆ وەرگرتنی ماف گوشاریان خستە سەر کۆماری ئیسلامی.
دوای ئەوەی دەنگوباسی خۆپیشاندان و پێکدادانی نێوان پیاوانی خێڵ و پشتیوانانی حکومەتە نوێیەکە بڵاو بۆوە. سەرکردە نوێیەکانی ئێران وەفدێکیان رەوانە کرد تاوەکوو لە بارودۆخی هەرێمە کوردییەکە بکۆڵێتەوە.
وتووێژی نێوان دوو لایەنەکە شکستی هێنا و، لە ئابی ١٩٧٩دا ئایەتوڵا خومەینی فەرمانی سەرکوتکردنی یاخیبووەکانی دەرکرد.
لە تشرینی دووەمی ١٩٨١ دا بۆکان کە دوایین شاری کوردی بوو بەدەست کوردە نەتەوەییەکانەوە مابووەوە، دەستی بەسەردا گیرا و، لەو کاتەوە هێزە ئێرانییەکان توانیویانە ئەوەندەی تر کوردەکان بەرەو چیاکان پاڵ پێوەنێن.
هێرشێکی رێکخراو لەلایەن هێزە حکومەتییەکانەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ و سەرەتای ١٩٨٣ کە تیایدا دەست بەسەر رێگە ستراتیژییەکەی نێوان پیرانشار و سەردەشتدا گیرا، بووەهۆی پچڕانی ئەو رێگەیەی کە کوردی بە عێراقەوە دەبەستەوە و، حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە کۆمەکیان لێوە وەردەگرت.
وادیارە ئەمە شکستێکی گەورەی روبەڕوی کوردەکان کردبێتەوە و، لە مانگی نیسانی ١٩٨٣ دا د. قاسملوو لە دژی حکومەتی ئێران داوای پشتیوانی نێودەوڵەتی کرد و ئەم داوایەش لە بەغدا بڵاو کرایەوە.

جووڵانەوەکەی کوردەکان کە هێزە حکومییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئەگەر وانەبوایە ئەم هێزانەی دەوڵەتی ئێرانیش دژ بە عێراق بەکاردەهێنران، ئەمەش

وایکردووە حکومەتی ئێران زیاتر نیگەران بێت لە نائارامییەکانی کەمینە ڕەگەزییەکانی تریش لە وڵاتدا.

**عێراق:**

کوردەکانی عێراق کە لە ناوچە شاخاوییەکانی باکوری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە چڕبوونەتەوە و، پێنجیەکی دانیشتووە زۆرینە عەرەبەکەی وڵات پێك دەهێنن.

لە کۆتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە لەگەڵ ویلایەتی بەغدادا ناکۆکن.

عێراق جیاواز لە دراوسێکانی روبەڕوی دوو جەنگی جیهانی بووەوە کە لە هەردوکیاندا لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا و دەوڵەتێکی تازە سەربەخۆ بوو.

کۆمەڵەی گەلان لە روی دەستورییەوە داوای لێ کردبوو کە بڕێك ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان ببەخشێت. بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق لەوە دەترسان کە پێدانی ئۆتۆنۆمییەکی زۆر وا بکات هەرێمە بە نەوت دەوڵەمەندەکەی نزیك کەرکوك جیاببنەوە.

بە درێژایی ساڵانێکی زۆر شەڕ بەردەوام بووە کە سەختترینیان ئەوەی نێوان ساڵانی ١٩٦١ – کە تیایدا مەلا مستەفای بارزانی داوای دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی کرد تا ساڵی ١٩٧٠ بوو – لەو ساڵەدا ئاگربەستێك راگەیەنرا. ئیتر تاوەکوو ساڵی ١٩٧٤ ئاشتییەکی لەرزۆك بەردەوام بوو.

پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (پدك) کە لە دوای شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٥٨ەوە دامەزراوە، داوای نەك تەنیا ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، بەڵکو ئازادی و دیموکراسی بۆ سەرانسەری عێراق دەکات.

کوردەکان خۆیان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا رێك خستووە و، بەشێك بوون لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراق، کە حزبی شیوعی عێراق یەکێکیانە.

لە ساڵانی سەرەتادا، کوردەکان بانگەشەیان بۆ شیوعییەت و هەروەها نەتەوەخوازیی کوردی دەکرد، بەڵام لەژێر سەرکردایەتی مەلا مستەفادا ئایدۆلۆژیا توندڕەوەکەی زەمینەی بۆ بەرژەوەندییە خێڵەکییەکانی بارزانییە دەسەڵاتدارەکان ڕەخساند.

پارتی دیموکرتی کوردستان کە ئێستا لەلایەن دوو کوڕەکەی مەلا مستەفاوە بەڕێوە دەبرێت، گەورەترین و پڕچەکترین گروپی کوردییە لە کوردستانی عێراقدا، باڵە سەربازییەکەی لەوپەڕی چالاکییدا توانیوێتی ٢٠ هەزار چەکداری ئاسایی کۆبکاتەوە (هەندێ لە راپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە رەنگە ٤٠ هەزار چەکداری هەبن).

دووەم گەورەترین گروپ لە کوردستانی عێراق بریتییە لە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ینك)، کە لەلایەن جەلالەدین تاڵەبانییەوە لە ساڵی ١٩٧٥ دا دروست کراوە و، گروپێکی مارکسییە و، لە روی سیاسییەوە جەنگاوەرترینە و، پشتیوانیی لیبیا و سوریای هەیە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ – ١٩٨٠ پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانی لەپێناو دەسەڵاتگرتن بەسەر ناوچەکاندا شەڕی یەکتریان دەکرد.

ڕێکخراوەکانی دیکەش بریتین لە: پارتی سۆشیالیستی کورد (حسك) کە لە ساڵی ١٩٧٩ دامەزراوە و، پارتی سۆشیالیستی یەکگرتوی کورد کە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر دەرکەوت ئەوەش بەهۆی ڕفاندنی ئەو کەسە بیانییانەوە بوو کە لە عێراق کاریان دەکرد و، بۆ بەدەستهێنانی سەرانە لەلای خۆیان دەیانهێشتنەوە و، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانیش هەیە کە لە ساڵی ١٩٨١ دامەزراوە.

دەستوری کاتی عێراقی لە ساڵی ١٩٦٨ ددانی بە نەتەوەی کورددا ناوە. ئاگربەستەکەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ چوار ساڵی دیاریکردبوو بۆ دانوستان لەسەر شێوازێکی قبوڵکراوی ئۆتۆنۆمی و، لە ئازاری ١٩٧٤یشدا شێوازێکی سنورداری ئۆتۆنۆمی راگەیەنرا.

ئەنجومەنێکی یاسادانانی کوردی کە نوێنەرایەتی کوردی نەدەکرد، لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٤دا لە هەولێر کرایەوە. ئەم ئیمتیازانە لەلایەن کوردەوە رەت کرانەوە و پێیان وابوو: ئیمتیازاتەکان لەوە کەمترن کە نوێنەرەکانی حکومەت پێشنیاریان بۆ کردبوون. شەڕی نوێ دەستی پێ کردەوە. ئێران بۆ سود وەرگرتن لەم دەرفەتە کە بۆ تێکدانی سەقامگیریی عێراق هاتبووە پێشەوە، کۆمەکی ماددی بە کوردەکان بەخشی.

لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥دا ئێران و عێراق رێکەوتننامەی جەزائیریان واژوو کرد کە وایکرد عێراق بانگەشەکانی ئێرانی لەبارەی سنورەکانەوە قبوڵ بکات و، لە بەرامبەردا ئێران لە هاوکارییکردنی کوردەکان بکشێتەوە.

لە ئەنجامدا یاخیبونەکە بەخێرایی داڕما. حکومەتی عێراق لە دوای ئەوەوە سیاسەتێکی رازیکەرانەتری گرتەبەر و، بەرنامەیەکی ئاوەدانکردنەوە و، پرۆسەی دوبارە دابەشکردنەوەی زەوی لە ناوچە کوردییەکاندا دەست پێ کرد و، رێگەی دا نزیکەی ٤٠ هەزار کورد کە پێشتر بە زۆرەملی لە باشور نیشتەجێ کرابوون، بگەڕێنەوە. لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠دا هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، شەڕی ئێران/عێراق دەرفەتی ئەوەی خستە بەردەم کورد کە جارێکی دیکە چەك لە دژی حکومەتی ناوەند هەڵگرن.

لەناوچوونی رێکەوتننامەکە لەگەڵ ئێراندا وایکرد بتوانن بە سنورەکاندا بێن و بچن و، ئێران هاوکارییان بۆ دابین بکات.

لە ساڵی ١٩٨١دا، هاوپەیمانێتییەك لەنێوان گروپە جیاجیاکانی کورد، کە یەکێکیان پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لەگەڵ ئەلدەعوە کە گروپێکی میلیشیایی شیعەیە و، چەند دەستەیەکی دیکەی نەیاری عێراقدا گرێدرا.

لە بەرامبەریشدا حکومەت کە نەیدەویست ناچار بێت هێزەکانی لە باکور بهێڵێتەوە، دەستی کرد بە پێدانی ئیمتیازی زیاتر. بەمەش ڕێگە بە هێزە چەکدارییە کوردییەکان درا لە کوردستان خزمەت بکەن و، نەیارە کوردەکان لە زیندانەکاندا ئازاد کران و، لە تەموزی ١٩٨٢ دا لێبوردنێك بۆ ئەو نەیارانە دەرکرا بەمەرجێك لە کوشتن یاخود ڕفاندنی بیانییەکاندا تێوە نەگلابن.

**تورکیا:**

ئەو ڕوداوانەی لەچوارچێوەی دامەزراندنی کۆماری تورکیادا ڕوویاندا، بووەهۆی ئەوەی هەستە ئایینییەکانی کورد ببن بە ڕێگر لەبەردەم هیوا نەتەوەییەکانیان. هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتەکە لە ئازاری ١٩٢٤دا و، ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بە حوکمی تورك وایکرد: یەکەمین شۆڕشی گەورەی کوردەکانی لە ساڵی ١٩٢٥دا لێ بکەوێتەوە.

حکومەتی تورکیا هەرگیز کوردەکانی تورکیای وەك نەتەوەیەکی جیا یاخود وەك کەمینەیەك لە تورکیادا تەماشا نەکردووە و، بەردەوام ڕێگری لە هەموو جۆرە دەربڕینێکی ناسنامەی جیاواز کردووە. نائارامییەکانی دواتری ساڵانی ١٩٣٠یەکانیش بەتوندی سەرکوت کران.

دامەزراندنە نایاساییەکەی پارتی دیموکراتی کورد لە ساڵی ١٩٦٧دا کە پێکهاتەیەکی بەهێزی سۆشیالیستی هەبو و، هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی کرێکارانی تورکیادا هەبوو– کە ئەوکاتە حزبێکی یاسایی بوو، بووە هۆی سەپاندنی کۆنترۆڵی سەربازیی زیاتر بەسەر ناوچە کوردییەکاندا.

بەم دواییە، دارمانە بەربڵاوەکەی یاسا و نەزم کە لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا ڕوویاندا، بووە هۆی سەپاندنی چەند ماوەیەکی کاتی 'یاسای سەربازی' لە ناوچە کوردییەکانی تورکیا و، شوێنی دیکەشی گرتەوە. بەڵام وا دیاربوو کە هەوڵی حیزبی شیوعییە نایاساییەکەی

تورکیا کە لە ئەڵمانیای خۆرهەڵاتەوە پەخشی دەرکرد، بۆ وروژاندنی ناڕەزایی بەرامبەر بە تۆمەتەکانی سەرکوتکاری و خوێنڕێژیی لەلایەن سوپاوە دژی کوردەکان، سەرکەوتنێکی ئەوتۆی لێ بەرهەم نەهات.

جڤاتە کوردییەکان کە نەریتی دوژمنداری و قاچاخچێتییان تێدایە، هەمیشە لەبەردەم مەترسیی نائارامیدا بوون. بەڵام پێدەچێت لە ساڵی ١٩٨٠وە کاتێك سوپا دەسەڵاتی گرتە دەست، بارودۆخی ئەمنی باشتر بووبێت. هەرچەندە لەوانەیە کوردەکانی تورکیا هێزێکی ناسەقامگیرکەر بن، بەڵام لە ئێستادا پێناچێت زۆرینەیان مەیلی ئەوەیان هەبێت شوێن چالاکییە چەپگەراکانیان بکەون، یاخود وەکو کوردانی 'ئێران و عێراق' نەتەوەخوازی چەکداریی هەڵبژێرن.

**یەکێتی سۆڤیەت:**

لە یەکێتی سۆڤیەتدا کوردەکان یەکێکن لە کەمینە بچوکەکان، بەڵام وەکوو نەتەوە ددانیان پێدا نراوە و، تا راددەیەك رێگەیان پێ دراوە نەریتەکانیان دەربڕن (پەخش هەیە بە زمانی کوردی و رۆژنامەیەکیش دەردەکرێت).

کوردەکانی سۆڤیەت پەیوەندییەکی کەمیان بە کوردانی دەوڵەتانی دراوسێیانەوە هەیە و، پەیوەندییان بە ئاواتە فراوانترەکانیانەوە نیە- ئەم راستییەشە وای لە دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت کردووە لەو کاتانەی کە لەگەڵ ئامانجە سیاسییەکانی سۆڤیەتدا گونجابێت، پشتیوانی لە چالاکییەکانی کورد بکات. بۆ نمونە: لەو کاتانەی کە کوردەکان پشتیوانییان لە حزبە شیوعییە ناوچەییەکان کردبێت، کە لە عێراق ئەمە رویدا، ڕوسەکانیش چەندین ساڵ پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا هێشتەوە و، پەنابەرێتییان بە مەلا مستەفا بەخشی کە لە ساڵی ١٩٤٧ دورخرابۆوە و، تاوەکوو گەڕانەوەی لە ساڵی ١٩٥٨ دا لەو وڵاتە مایەوە. پشتیوانییەکانی سۆڤیەت بۆ کورد لەدوای باشبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا لەساڵی ١٩٧٢وە کەمبووەتەوە.

ئەو نائارامییەی کە کێشەی کورد دروستی کردووە، وایکردووە: ڕوسەکان بتوانن بەهۆیەوە گوشار لەسەر ئەو حکومەتانە دروست بکەن کە خۆشی ناوێن.

لە ئێران، روسەکان داوای کوردەکان بۆ ئۆتۆنۆمییان بەلاوە پەسەندە، بەڵام نەیانویستووە بە پێدانی پشتیوانیی ئاشکرا بە کوردەکان، مەترسی بخەنە سەر پەیوەندییەکەیان لەگەڵ حکومەتی (شا)دا. هەروەها ئەو تۆمەتانەی سەرکردە ئیسلامییەکانی ئێرانیان ڕەت کردۆتەوە کە گوایە بە چەك و پارە و زانیاری هەواڵگریی سەربازیی کۆمەکی کوردیان کردبێت.

**سوریا و لوبنان:**

کوردەکانی سوریا دەرفەتێکی کەمیان هەبووە داوای ئۆتۆنۆمی بکەن و، سیاسەتی بەعەرەبکردنەکەی دەسەڵاتدارانی سوریا لە ناوچە کوردییەکاندا جێبەجێ کراوە. هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا ناڕەزایی دژی بەعەرەبکردن سەری هەڵداوە، بەڵام نەتەوەخوازیی کوردیی بابەتێکی زیندوو نەبووە لە سوریا. سورییەکان پشتیوانییان لە چالاکییەکانی جەلال تاڵەبانی لە عێراق کردووە.

لە لوبنان کوردەکان بەگشتی پەنابەرن. لەوێ بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بڕێکی زیاتر ئازادیی خۆ-دەربڕینیان پێ دراوە و، لە هەموو ئاستە سیاسییەکاندا دەبینرێن. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە دەرکردنە دەرەوەیان لەو وڵاتە ئەگەرێکی کراوەیە.

---

ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا بۆ باسکردنێکی گشتی ئامادە کراوە. دەربڕینی سیاسەتی حکومەت نییە و، نابێت بەو شێوەیە تەماشا بکرێت و بڕگەی لێ وەربگیرێت.

# پاشکۆی بەڵگەنامەکان


CONFIDENTIAL

6. The terms Peshmerga and Jash are, as far as I know, used just as described in paragraph 2 of the Ambassador's letter.

C J S Rundle
Research Department

18 February 1980

CONFIDENTIAL

(2)

I have taken a copy.

BRITISH EMBASSY,
TEHRAN.

12 February 1980

NBP 245/1

H D A C Miers Esq CMG
Middle East Department
FCO

Dear David,

THE KURDS

1. You may have noticed in recent reports that Kurdish movements have been proliferating. Sheikh Ezzedin Hosseini, the religious leader based on Mahabad, seemed for a while last year to have achieved a solid front incorporating all the Iranian Kurdish groups with the exception of the Muslim Kurdish Peshmerga, known in the press as the Kurdish Representative Delegation. This front was sufficiently effective to force Khomeini to go back on an earlier condemnation of Hosseini and Qassemlou as "corrupt on earth" and to compel the government goodwill delegation to negotiate despite the presence on the Kurdish side of the left-wing Cherikhaye Fedaeen-e-Khalq. Recent indications from the area suggest however that the government may now be succeeding in driving a wedge between the various groups, who have striking political differences beneath their broad common aim of regional autonomy (and the sincerity of the Cherikhaye Fedaeen-e-Khalq's commitment even to this must be open to question). Kurds are now shooting each other as well as the universally unpopular Pasdaran. I have been trying for my own benefit to bring some order into this profusion of groups and was able recently to discuss the matter with a leading Kurd as well as with the Turkish Ambassador and some others.

2. As a result, it seems that the vocabulary can be translated as follows:

The Kurdish Democratic Party (KDP)(Iran). The largest single party in Iranian Kurdestan, led by Qassemlou.

Kurdish Democratic Party (KDP) (Iraq). The movement of the late Mullah Mustafa Barzani, now led by his sons Idris and Mahmoud, who however have fallen into dissension and have been taking arms and money from the Iranian Government as a stimulus to oppose the KDP (Iran).

Peshmerga (unqualified). This, I am told, literally means somebody dedicated to death. It is usually applied to the soldiers of the KDP, in Iran Qassemlou's party. In Iraq it is now used either for the Barzani or Talabani fighters.

The Muslim Kurdish Peshmerga. These are a small, recently formed body supporting Moftizadeh, who was prominent in the spring and early summer of last year as a supporter of Khomeini and who has re-emerged recently, after a long spell in eclipse.

/The Rastegari

CONFIDENTIAL

CONFIDENTIAL

- 2 -

The Rastegari. A group formed under the leadership of Sheikh Naqshbandi. They receive training, arms and money in Iraq and may be connected (this allegation comes from the Turkish Ambassador here) with Shahpour Bakhtiar. The Iranians believe many of them to be ex-Savakis.

Komalah. A relatively-recent formation. The word means toilers. They are Maoist in their philosophy and are allied tactically with the Iranian KDP under Qassemlou.

The Talabani Party. According to my source, this is virtually a one-man band! Jalal Talabani, an able man, with some wild ideas, has little following. Alec Stirling will no doubt correct this if it is wrong.

Jash. Literally, little donkey, a term of opprobium used to describe one's opponents, indiscriminately, with the meaning of quisling or collaborator. As used in Iraq, its normal connotation was the government-sponsored Kurdish militia. As used currently in Iran it tends to mean the forces of the KDP (Iraq) or of Moftizadeh, the Muslim Kurdish Peshmerga.

3. Apart from all the above, the Fedayeen-e-Khalq, and possibly a splinter group separate from the main body, are also active in Kurdestan.

4. Richard Gardner (for the benefit of others, a Kurdish speaker of long residence in the area) has recently been in Tehran. He tells us that "Kurdistan" has been creeping nearer to Gorveh where the townsfolk, led by the Governor, who has asked for Pasdaran reinforcements, are preparing themselves for an assault which, given the scores that remain to be settled from the attacks on the Kurds there in the spring, is likely to be particularly bloody. He described a visit to Sanandaj at the time when Shakiba was Governor General. Apparently there was not a soldier or pasdar to be seen and all the orderlies were in Kurdish dress, armed to the teeth. When Shakiba resigned, Shah-Veisi, his successor, at first brought back the army and pasdaran. Later, as we know, he sided with the sit-in; and now according to Gardner, the whole area, Sanandaj, Mahabad, Bijar, Paveh, is totally under Kurdish control and they are pushing south and south east having reached about 30 km from Gorveh. We have also heard that Sonqor about 50 km to the southwest of Gorveh, is likely to be the next centre of trouble. To this the Turkish Ambassador would add that they are also pushing north, his theory being that the KDP (Iran) envisage an Iranian Kurdistan with its capital at Oroumieh, and firmly backing on to Turkey in the north west and the Soviet Union in the north, so that in the first place it could draw support from over the border and, presumably, eventually could try to unite with the Kurds in adjacent Turkish and Soviet territory. This movement would of course being the Kurds into collision with the Turkish inhabitants of Oroumieh and the surrounding districts. Personally I suspect it as a Turkish story designed to send cold shivers down the spines of some who might otherwise regard the Kurds' aspirations with a certain benign detachment.

5. We should welcome comment on all this from the recipients of copies of this letter or from others who may well be better informed.

Yours ever

J A N Graham

cc IPD
Assessments Staff
A J D Stirling Esq CMG, Baghdad
Chancery Ankara
" Washington

# Eastern Kurdistan (1979-1984) From Confidential British Foreign Ministry Documents

Second Volume

Edited By:
Shareef Hazhariy

Translate:
Pasar Sherko

